ئەندازیار ئاگرین عەبدوڵڵا عەزیز

# چۆن گەشە بە تۆڕی ڕێگاوبانی هەرێم بدەین ؟









کوردستان - هەولێر
2011

# چۆن گەشە بە تۆڕی ڕێگاوبانی هەرێم بدەین ؟

ئەندازیار
ئاگرین عەبدوڵڵا عەزیز

کوردستان – هەولێر
٢٠١١

❖ ناوی کتێب : چۆن گەشە بە تۆڕی ڕێگاوبانی هەرێم بدەین ؟
❖ نووسینی : ئاگرین عەبدوڵڵا عەزیز
❖ تیراژ : (١٠٠٠) دانە
❖ تایپ : نووسەر
❖ نەخشەسازی و بەرگ : هیوا بۆ کۆمپیوتەر
❖ چاپ : چاپخانەی مالی رۆمیل
❖ چاپی یەکەم ، هەولێر / ٢٠١١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (٧٨٦) ی
ساڵی (٢٠١١)ی دراوەتێ

## پێشکەشە :

- بە باوکم کە فێری کردم کورد و کوردستانم خۆش بوێت.

- بە هەموو ئەندازیارێکی کوردی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر.

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم : | ٧ |
| ١,١- دەستپێك | ٧ |
| ١,٢- سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان | ٩ |
| ١,٣- کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا | ١٨ |
| ١,٤- سێکتەری گواستنەوە | ١٩ |
| ١,٥- پۆلینکردنی ریگاوبانە خێراکان | ٢٠ |
| ١,٥,١- بەپێی شوێن و ئەرکی ڕێگاوبانە خێراکان | ٢٠ |
| ١,٥,٢- بەپێی نەخشەکێشانی ئەندازیاری ڕێگاوبانی خێرا | ٢٠ |
| ١,٦- پۆلینکردنی کارگێڕی (وەزیفی) ڕێگاوبانەکان | ٢٣ |
| ١,٧- سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستاندا | ٢٧ |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم: | ٣١ |
| ٢,١- ئەگەرەکانی کارکردن لە پرۆپۆزەڵەکەدا | ٣١ |
| ٢,١,١- پەیامی پرۆژەکە | ٣١ |
| ٢,١,٢- ئامانجەکان | ٣٢ |
| ٢,٢- شیکردنەوەی ژینگەیی | ٣٢ |
| ٢,٢,١- ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە (بە پێوەرێکی گەورە) | ٣٢ |
| ٢,٢,٢- ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە (بەپێوەری ورد) | ٣٤ |
| ٢,٣- شێوازەباوەکانی ڕێگا | ٣٥ |
| ٢,٤- ڕووپێوی پرسیار کردن و ڕاپرسی (Questionnaire Survey) | ٣٦ |
| ٢,٥- شیکردنەوەی (SWAT) بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانی هەولێر | ٤١ |

| | |
|---|---|
| ٢,٥,١- خاڵە بەهێزەکان (Strengths) | ٤١ |
| ٢,٥,٢- خاڵە لاوازەکان (Weaknesses) | ٤١ |
| ٢,٥,٣- هەلەکان (Opportunities) | ٤٢ |
| ٢,٥,٤- مەترسیەکان (Threats) | ٤٢ |
| ٢,٥,٥- چەند بابەتێکی ژینگەیی لە بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکاندا | ٤٣ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم :** | ٤٧ |
| ٣,١- بەڕێوەبردن و چاکسازی لە ڕێگاکانی هەولێردا | ٤٧ |
| ٣,٢- شیکردنەوەی ڕووپێوی پرسیارکردن | ٤٩ |
| ٣,٣- کاریگەری لەسەر گەشەپێکردنی ئابووری | ٥٥ |
| ٣,٤- شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئابووری بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبان | ٥٦ |
| ٣,٥- ئەو ستراتیژیە تەکنیکیانەی دەبێت پەیڕەوبکرێن | ٥٧ |
| ٣,٦- ئەو ئامارە کێلگەییانە و پراکتیکیانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتیان پێبەستراوە | ٥٨ |
| ٣,٧- پێشنیارەکان | ٥٩ |
| ٣,٨- پوختەی لێکدانەوەکان | ٦١ |
| سەرچاوەکان | ٦٥ |
| پاشکۆکان | ٦٧ |

# بەشی یەکەم

## ١,١- دەستپێك :

نەك هەر بەتەنیا هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە و بە ئارامترین و گەشەکردووترین پارچەی عێراقی نوێی دادەنرێت بەڵکو هەموو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریەکی سەرسوڕهێنەری لەماوەی ٦سالّی ڕابردوودا بە خۆوە بینیوە . ئەم گەشەکردن و گۆڕانکارییەش هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانی گرتۆتەوە هەر لە بواری کۆمەلاّیەتی و ئابووری و کەلتورییەوە بیگرە تاکوو دەگاتە ژێرخانی خزمەتگوزاریش .

مێژووی دروستبوونی ڕێگاوبان ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی لەدایك بوونی شارستانی مرۆڤایەتی ، بەلگەنامە مێژوویەکان و پرۆسەکانی هەلکەندن و پشکنینەکان لە بابلی کۆنیشدا ڕێگای بە قیر رووپۆش کراویان لە دەروازەی سەرەکی شارەکەدا دۆزیبوەوە و هەروەها رۆمای کۆنیش بە تۆڕێکی گەورەی ڕێگاوبان هەموو ئەو ولاّت پارچانەی دونیا کە لە ژێر دەسەلاّتیدا بوو بە پایتەختەکەیەوە بەستبوەوە، بەم پێیە لە مێژەوە تاکو ئیستا ڕێگاوبان بە شێکی گرنگە لە شارستانیەت و سەرچاوەی خۆشگوزەرانی و ئاسانکاری ژیان بووە بۆ گەلانی دنیا. هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە کە ڕێگاوبان هەردەم لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریدا بووەو ستاندەر و ڕێسای جۆرارجۆری بۆ دانراوە، بە چەشنێك ئێستا بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان بووەتە زانستێك و ولاّتانی ئەورووپی سالاّنە چەندین کۆنگرەو کۆبوونەوەی لەسەر دەکەن بۆ یەکخستنی ستاندەرەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندارەکان. زانستەکەش کە بە بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان ناوزەد دەکرێت

ئامانجی ئەوەیە : سیستەمێك دابمەزرێنێت کە بە باشترین شێوە کۆنترۆڵی سێکتەری گواستنەوەی زەمینی بکات و ڕێگاوبانێك بەرهەم بهێنێت کە بە ترافیکێکی سانا ناوچەو هەرێمەکان پێکەوە ببەستێتەوە ، سیستەمێکی گەیاندنی زیرەکی وەها بەرهەم بهێنێت گرەنتی گەیاندنی کالاّ و مرۆڤەکان بکات لە سەنتەری شارەکانەوە تاکو تۆڕی ڕێگاکانی دەرەوەو دابینکردنی هاتووچۆیەکی سەلامەت بۆ گشت بەکارهێنەرەکانی ڕێگاکان .

ئەگەر ڕاستیمان بوویت ئەو گەشەکردنەی ئامانجی هەرێمی کوردستانە ,دەبێت بەپێی پلانێکی ورد و دارێژراو بچیت بەرێوە و هەموو لایەنەکانی ژێرخانی خزمەتگوزاری لە خۆ بگرێت ، هەر لەم سۆنگەیەوە ئەتوانین بلێین نەك بۆ پسپۆران بەلکوو هەر چاودێرێکی ئاسایی دەموو دەست ئەو ڕاستییەی بۆ ڕووندەبێتەوە کە تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێم پێویستیان بە بەرێوەبردنو ڕێکخستنێکی تەواو هەیە، نەخاسمە کە ڕێگاوبانەکان دەبێت تەریب بە سێکتەرەکانی تر گەشەبکات. لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی قۆناغەکانی دامەزراندنی ڕێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستان (کە هەولێر بە نموونە وەرگیراوە) ئەنجام دەدەین و گرنگی ئەندازیاری ڕێگاوبان لەم بوارەدا ڕوونەدەکەینەوە و پاشان هەولدەدەین (نەخشەیەکی ڕێگا / خارطة طريق) بۆ چاکسازی لە سیستەمی بەرێوەبردنی بخەینە ڕوو.

لە ڕاستیشدا مەبەستم لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ڕۆشنایی خستنەسەر کێشەکانی پەیوەندار بە تۆڕی ڕێگاوبان لە پارێزگای هەولێردا، ئەویش لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتاو پاشان شیکردنەوەی داتاکان، هەورووەها دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەو چارەسەریانەش بە شێوازی پرۆسەیەکی پرووردەکاری پشاندەدرێت کە دەکرێت وەك پلانێکی کار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان جێبەجێبکرێت.

ماوە بلێم ئەم کتێبە بە شێك بوو لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بروانامەی ماجستێر لە بەرێوەبردنی پرۆژەکان لە زانکۆی لوبنانی – فرەنسی لە هەولێر کە بە

زمانی ئینگلیزی پێشکەشم کرد، پاشان وەرمگێڕایە سەر زمـانی کـوردی و هەنـدێك گۆڕانکاریشم تێدا کردووە، لێرەدا جێی خۆیـەتی سوپاسـی هـەموو ئـەو دۆسـت و خۆشەویستانە بکەم کە هاوکاریـان کـردم لـە بەرهـەمهێنانی ئـەم باسـە بـە تایبـەتیش کۆکردنەوەی زانیاریەکان کە ئەوەش ئەو کۆڵەکەیەیە بۆ سـەلماندنی بیروڕاکـان پـشتم پێبەستووە .

## ٢,١-سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان :

### مانای چی دەگەیەنێت ؟

سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانـەکان هـەموو ئـەو سیاسـەت و پرۆسـەو ڕێنمایی و میکانیزمی کارکردنانە لـە خۆ دەگرێت کە پەیوەستە بە لایەنەکانی پلاندانان و هەڵبژاردنی ڕێڕەوی تۆڕی ڕێگاسەرەکیەکانو هەموو جۆرە چاککردنەوە و کارێکی دروسـتکردن لــە ڕێگاوبانــەکان و هــەروەها پاراســتن و چــاودێریکردنی هــەموو دروستکراوەو دامەزاوەو ڕووبەرەزەمینیەکانی پەیوەنددار پێوەی، کە دەبێـت لـە ژێـر چاودێری دەستەیەك لە (وەزارەت)ێکی تایبەتمەند بێت و دەستەبەر بکرێت.

دامەزراندنی ئەم سیستەمە وەزارەتی پیوەندار دەخاتـە بـەردەم بەرپرسـیارێتیەکی هەسـتیار کـە چـۆن پـلان دابنێـت بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی ئـەو هـەموو چـالاکیە جۆراوجۆرانەو ڕێکخستنیان بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ بودجـەی دیـاریکراودا، بێگومـان لــە زۆر شـوێنی دنیـادا وەزارەتـە پەیوەنـدارەکان نـاتوانن ئـەو بودجـە تێروتەسـەلەیان دەسـتبکەوێت کـە بتـوانن هـەموو کـەموکورتی چاکـسازیەکانی ڕێگاوبانەکانی پێ ئەنجام بدەن، بەچەشنێك کە خزمەتگوزاریەکانی ڕێگاوبان لە ئاسـتی داخوازی کۆمەڵگادا بن و کەمترین مەترسی ڕوودانـی ڕووداوی هاتووچـۆ لـە سـەر ڕێگاوبانەکان مسۆگەر بکەن، بـەلام بـە هاوکـاری ئـەم سیـستەمە دەتـوانن زووتـر و فراوانتر بگەن بە ئامانجی مسۆگەرکردنی سەلامەتی هاتووچۆ تـا ڕادەیـەکی بـاش. لـە

لایەکی ترەوە دیاریکردنی ڕێوشوێن بۆ ناساندنی شوێن و هۆکارو دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هاتووچۆ و دیاریکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ڕووداوی چاوەڕوانکراو، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکانو جێەجێکردنی پلانی ئەم سیستەمە ئامانجی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگا بە دیدەهێنێت.

سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان، گونجاوترین چارەسەرە بۆ ئەو وڵاتانەی ڕێگاکانیان لە بارێکی نائارامدایە و خاوەنی هاتووچۆیەکی تێکئاڵۆسکاون (Turbulent flow of Traffice)، بێگومان هەرێمی ئێمەش بەدوور نییە لەو حاڵەتە بڕوانە وێنەی ژمارە-١- و -٢- لە خوارەوە وەك نموونەیەکی ڕوونکاری.

وێنەی ژمارە-١-

باری نائارامی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان ڕووندەکاتەوە




**وێنەی ژمارە -٢-**




## روونكردنەوەیەكی پێویست :

لەم كتێبەدا باسەكانمان تەنیا لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەكانی دەرەوەیە (واتە نێوان شارەكان) كە لە ژێرچاودێری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنە كەیەكێكە لە دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ، لەكاتێكدا ڕێگا وشەقامە ناوخۆییەكان بەرپرسیارێتی وەزارەتی شارەوانیە (بڕوانە چارتی ژمارە -١- كە پێكهاتەی ئەو یەكەگارگێریانە روونەدەكاتەوە كە بەرپرسیارێتی چاودێری تۆڕی ڕێگاوبانەكانە لە هەرێمی كوردستاندا لە ئەستۆ دەگرن). هەرچەندە سێكتەری گواستنەوە بە گشتی دەبێت وەك یەك پاكێج مامەڵەی لەگەڵ بكرێت بە هەموو لایەنەكانیەوە بۆیە: لە لێكۆڵینەوەكەماندا و بە تایبەتیش لە پێشنیارو پلانەكاندا ئاماژە بە زۆر لایەن دەدەین.

چارتی ژماره-١-




باسکردن لە بواری ڕێگاوبان بێ ئاماژەکردن بە سێکتەری گواستنەوە بە گشتی شتێکی کاڵ و کرچ دەبێت، سێکتەری گواستنەوەش ئەمانە دەگرێتەوە :

١- گواستنەوەی زەمینی.

٢- گواستنەوەی ئاسمانی.

٣- گواستنەوەی ئاوی.

لەم باسەماندا بە گشتی تیشک دەخەینە سەر خاڵی یەکەم کە تەواو پەیوەندارە بە بواری باسەکەی ئێمەوە. گواستنەوەی زەمینیش ئەمانە دەگرێتەوە :

أ- ڕێگاوبان و پردەکان: (ڕێگای تۆڕە دەرەکیەکان و شەقامە ناوخۆییەکانیش دەگرێتەوە).

ب-هێڵەکانی شەمەندەفەر.

ت- هێڵەکانی میترۆ و ترام.


لە راستیشدا باسکردن لە بەهێزکردنی هۆکانی گواستنەوە بـە تـەنیا بەلایـەنێك ناکرێت، بـەڵکو پلانەکـە دەبێـت هـەموو بەشـەکانی سـێکتەرەکە لـە خۆبگرێـت و بەهەماهـەنگی تـەواو بێـت لـەنێوان هـەموو بەشـەکانیدا واتـە: بـۆ ئـەوەی تـۆڕێکی تەواوکـەرو بـەهێزی هۆیـەکانی گواسـتنەوەی زەمینیمـان هـەبێت و دەبیـت تـۆڕی ڕێگاوبانی دەرەکی و شەقامەکان، هێڵەکانی شەمەندەفەر و میترۆو ترامیش پەیوەنـدی تەواویان هەبێت لـەگەڵ یەکتردا ئەویش بۆ هێنانـەدی ئامـانجی دابینکردنـی ڕەفاهیـەتی گواستنەوە بۆ بەکارهێنەرەکانی،گەرچی کرۆکی باسەکەمان ڕێگاوبانـە دەرەکیەکانـە، بەڵام جارو بار گرنگی ئەو پەیوەندیانەی لەسەرەووە ئاماژەمان پێدا ڕۆشـنایی دەخەینـە سەر.

لـەم پرۆژەیەماندا هەوڵدەدەین بـاس لـە گـەورەترین و گـرنگترین کێـشەکان و خالـە لاوازەکـانی تـۆڕی ڕێگاوبـان لـە هـەولێر بکـەین و نەخـشەی ڕێگایـەك بـۆ چارەسەرکردنی بخەینە ڕوو، کە دەبێتە هۆی گەشەپێکردنی تۆڕی ڕێگاوبان و ئـەویش زادەی ئەو گەشەپێکردنە دەبێت کە لە هەرێمەکەدا بەڕێوەیە .

ڕێگا دەرەکیەکان لە ژێر چاودێری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نیشتەجێکردندان، ئەویش لە چەندین بەش و یەکەی کارگێڕی و تەکنیکی پێکـدێت بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو ئەرکە . چارتی ژمارە-٢- لە خوارەوە پێکهاتەی ئەوە ڕوندەکاتەوە، ئەم وەزارەتـەش کە لەگەڵ لە تێکەڵبوونی دوو وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەو گەشـەپێدان و وەزارەتـی ئەشغال و نیشتەجێکردن درووستبوو کە ئێستا هەمان پێکهاتەی پەیکەری کارگێڕی لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا هەیە.

## چارتی ژماره-٢-


## پێکهاتەی کارگێڕی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن




بۆ پتر زانیاریش بڕوانە نەخشەی ژمارە-١- کە هی پارێزگای هەولێرەو تیایدا تۆڕی ڕێگاوبانە هەبووەکانی ئێستا کە زۆربەیان لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو ئەنجامدراون و هیچ لایەنێکی ئابووری و گەشەکردنی داهاتووی تێدا ڕەچاو نەکراوە ڕووندەکاتەوە.

## نەخشەی ژمارە-١-

## نەخشەی پارێزگای هەولێر کە تۆڕی ڕێگاوبانە هەبووەکانی لەسەر دیاریکراوە




لە نەخشەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە ڕێگادرەکیەکان و ڕێگای گوندەکان لە پۆلینە هەرە نزمەکانن و لە جۆری تێکەڵـەن یـان بـە ئاسـتێکی ئەندازیاری نزم جێبەجێکراون کە لە شـارو شارۆچـکەکانی سـەریان دیـارە ، ئەمـەش یەکێکـە لـە بەڵگـەکان کـە دەیـسەلمێنن ڕێگاکـان پێویـستیان بـە فـراوان کـردن و نۆژەنکردنەوە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە .

چاککردنەوەی تێروتەسەل و گونجاوو گەشەپێکردنی ڕێگاوبانەکان، گـەورەترین گرفتە ڕووبەڕووی وڵاتانی دنیا دەبێتـەوە بـە چەشـنێك کـە بەگـشتی دەسـتنەکەوتنی سەرچاوەی دارایی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکـسازیانە بـۆ ڕاگرتنـی تۆڕەکانـە لـە ئاستی پێویستدا گەورەترین هۆکارەکانی فشارن لە سەر پلانی وڵاتان بـۆ فراوانکرنـی تۆڕی ڕێگاوبانەکانیان.

بۆ ئەوەی پرۆسەی گەشەپێکردن و چاکسازی بە ئەقارێکی ئارامدا تێپەڕێت، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان هەبێت:

١- لە کوێ ولەچ کاتێکدا پرۆسەی گەشەپێکردن و چاکسازی ئەنجامدەدەین؟ بە چەشنێك بە باشترین شێواز سوود لەو سەرچاوانەی هەن وەرگرین.

٢- چ جۆرە پرۆسەیەك بە کاردێنین کاتێك پێویست بوو؟

٣- بودجەی ساڵانەی پێویست چەندە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گەشەپێدان و چاکسازی لە چوارچێوەی ماوەی دیاریکراوی پلانەکەدا.

لە لایەکی تریشەوە ئەوەی روون و ئاشکرایە کە تۆڕی ڕێگاوبانە دەرەکییەکان پێویستییان بە بەڕێوەبردنێکی باشترە تاکو بتوانێت یاریدەدەر بێت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لەم رووەشەوە پێویستە بە وردی لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە لەسەر کێشەکانی ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەش پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوە :

١- چۆن کێشەی زیادبوونی قەبارەی هاتووچۆ و ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان کە گەورەترین کێشەن لەبەردەم سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەردەکرێت؟ بڕوانە وێنەی ژمارە -٣- کە (ئۆڤەرلۆد Over Load)ی ڕێگاوبانەکان ڕووندەکاتەوە.

٢- چۆن پلانی جێبەجێکردنی پڕۆژە نوێکانی ڕێگاوبان بە چەشنێك ئەنجام دەدرێت کە پێداویستیە ئابووری و بازرگانیەکان بە جێگەیەنێت؟.

٣- چۆن پلانێکی ستراتیژی لە بواری گواستنەوەدا دادەنرێت کە هەموو ئامانجە جۆراو جۆرەکانی وەزارەتە جیاجیا کانی ناو حکومەت بە جێدەگەیەنێت؟

٤- چ جۆرە برەوپێدانێك پێویستە بۆ چاککردنی تۆڕی ڕێگاوبانە سەرەکیەکان بە جۆرێك کە ڕێگاوبانێکی سەلامەت بۆ بەکارهێنەرانی پێشکەش بکرێت؟.

٥- چ هەنگاوێگ بنرێت بۆ پاراستنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە تێکچوونی بەپەلەو خێرا؟.

٦- چۆن سێکتەری گواستنەوە بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بە هێز دەکەین؟

٧- چۆن دەستدرێژی نا یاسایی لەسەر قەدەغەکراوی لاتەنیشتی ڕێگاوبانەکان چارەسەر دەکرێت؟

٨- نوێترین تەکنەلۆجیا چییە کە بەکاربهێنرێت لەم بوارەدا لە لایەنی ئەندازیاری و تەکنیکی و کارگێڕییەوە؟.

٩- چۆن تۆڕی ڕێگاوبانەکانمان بەڕێوە دەبەین بێئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان هەبێت؟.

وێنەی ژمارە -٣-

ڕێگاکان لەژێر دیاردەی زیادی قەبارەی هاتووچۆدا دەروونەکاتەوە



لە زۆر حاڵەتدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە ڕەنگە پابەندو پەیوەست بێت بە بواری ڕامیاری و پێوەری جۆراوجۆری ترەوە، بۆ وەڵامدانەوەیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پێویستمان بە زانیاری ورد و دروست دەبێت ، بۆیە یەکێك لەو

گرفتانـەی رووبـەڕوومان دەبێتـەوە کـەمی زانیـاری بابـەتی و وردە لەسـەر تـۆڕی ڕێگاوبانەکان .

لە زانستی نوێی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە دنیادا مەسەلەی بانکی زانیاری و داتا (data) کارێکی یەکجار گرنگە کە تیایدا پشت بە سیستەمی شیکاری دەبەستێت کە مۆدێلی (پێشبینیکردنی ئەدائی ڕێگاوبانە قیرتاوکراوەکان) لـە خۆدەگرێـت ، لـەم بوارەشدا دوو جۆر مۆدێل هەیـە مـۆدیلی دۆزینـەوەی داتاکـان و مـۆدێلی ئەگـەری هەرچەندە هەریەك لەدوو مۆدێلە لایەنی ئەرینی و نەرینی یان هەیە، بەڵام تاکو ئێستا بە باشـترین سیـستەم نـاوزەد دەکـرێن ، بـۆ ئەنجامیدانیـشیان پـشت دەبەسـترێت بـە چاودێریکردنی ورد و ڕێکوپێکی تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە بەردەوامی کە ئەویش توانـای مرۆیی و ماددی دیاریکراوی گەرەکـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام و ڕێکوپێـك زانیـاری کۆبکەنەوەو زوو زوو تازەی بکەنەوە.

## ٣,١-کورتەیەکی مێـژوویی لـەبارەی تـۆڕی ڕێگاوبانـەکان لـە پارێزگـای هەولێردا

دروستکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

١- لەسەرەتای سـەدەی ١٩و لەسـەردەمی حـوکمی پادشـایەتی (کـە زۆربـەی ڕێگاوبانەکان بچوك و تەسك و سادەبوون) دیارترینیان ڕێگای هاملتۆنە (کە بەناوی ئەو ئەندازیارە ئینگلیزەوە نـاونراوە کـە سەرپەرشـتی جێبـەجێکردنی پرۆژەکەی کردوە). تێبینی : ئەم ڕێگایەی ئێستا هەیە گۆڕانکارییـەکی زۆری بەسەردا هاتووە لەڕووی ڕێڕەو و پردو چینەکانی قیریشەوە، واتـە چـەندین دەسـتکاری کـراوەو بـە چـینی نـوێی قـیرِ قیرتاوکراوەتـەوە لەسـەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا.

٢- لە پاش سـاڵی ١٩٧٥ەوە لـە لایـەن ڕژێمـی عیراقـەوە ئـەنجام دراون (کـە

زۆربەیان بۆ هۆکاری سەربازی بنیاد نرابوون بۆ چالاکیە سەربازیەکانی ئەوسای رژێمی بەعس و جەنگەکەی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا).

٣- لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تاکو ٢٠٠٥ (تۆڕی رێگابانەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێك رێکخراوی NGO و UN ەوە ئەنجامدراون کە زۆربەیان سادەن، بەهۆی کەمی و دیاریکراوی بودجەوە ئاستیان مامناوەند و بەرەو نزمە).

٤- لە ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ئێستا گۆڕانکاری و بەرەو پێشچون بە جۆری پرۆژەکانەوە دیارە بەلاَم هێشتا کالاَی پڕ بە بالاَی خواست و داواکاریەکان نییە.

بە کورتی ئەم تۆڕی رێگاوبانانەی هەن لە ئاستی پێویستدا نین و بەبێ پلانێکی گونجاو و بە شێوازی هەڕەمەکی ئەنجام دراون یان بۆ مەبەستی سەربازی و جەنگی عێراق- ئێران بووە و بە هیچ جۆرێك بوونی هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان و ناوەندی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان ڕەچاونەکراوە.

## ٤,١- سێکتەری گواستنەوە:

سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا جۆری (هەوایی و زەمینی) هەیە، ئەوەی لەم کتێبەدا جەختی لەسەر دەکرێت: جۆری زەمینیە لەوێشدا پردەکان و تۆڕی رێگای سەرەکی و دەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە نزیکەی ٥٦٩٩,٦٤٦کم تۆڕی رێگاوبان و ٨٢ پرد لە خۆ دەگرێت (بڕوانە خشتەی ژمارە- ٥ - و -١٠-).

## ٥,١- پۆلینكردنی ڕێگاوبانە خێراكان

### ١,٥,١-بەپێی شوێن و ئەركی ڕێگاوبانە خێراكان كە بەم چەشنە پۆلێن دەكرێن:

١- ڕێگاوبانی خێرای نیشتمانی (National Highway).

٢- ڕێگاوبانی خێرای هەرێمی (State Highway).

٣- ڕێگاوبانی خێرای نێوان پارێزگاكان (Major District Highway).

٤- ڕێگاوبانی نێوان قەزاكان (Other District Highway).

٥- ڕێگاوبانی گوندەكان(Village Roads).

كاركردن و ئەركی ڕێگاوبانی خێرا دابەش دەبێت بەسەر دوو شێوازدا: ئەركی هاتووچۆ و ئەركی خزمەتگوزاری شێوازی یەكەمیان لایەنی ئاسانكاری هاتووچۆ دەگرێتەوە بەلام دووەمیان بەكارهێنانی خزمەتگوزاری گشتی و هاوڕێیەتی ژینگەو ڕوونەدانی ڕووداوی هاتووچۆ لە خۆدەگرێت.

### ٢,٥,١-بەپێی نەخشەكێشانی ئەندازیاری ڕێگاوبانی خێرا بەم جۆرە پۆلین دەكرێت :

١- **ڕێگای ئازاد (Freeway):** بەرزترین ئاستی ڕێگاوبانی خێرایە و بە جۆرێك ئەنجام دەدرێت كە لە زەویەكانی تەنیشتیەوە بە هیچ جۆرێك ڕێگانادرێت هیچ بەكارهێنەرو ئۆتۆمۆبێلێك بێنە سەر ڕێگاكە بە چەشنێك كە دەتوانرێت وا پێناسە بكرێت كە ڕێگایەكی سەرەكی دابەشكراوە بۆ چەندین لێن (Lane) و ڕێڕەو كەهەموو جێگاكانی چوونەژوورەوەی بە تەواوەتی كۆنترۆڵ كراوە لە هەموو یەكتربڕەكانیشدا شێوازی چەند ئاستی لە (Loop, Overpass, Underpass&) دروست دەكرێت. بڕوانە وێنەی ژمارە-٤- و -٥- چەند دیمەنێك لە ڕێگاوبانی خێرا لە ولاتانی ئەورووپی ڕووندەكاتەوە.

٢- **ڕێگای خێرای (Expressway):** كە دەتوانرێت بەم چەشنە پێناسە بكرێت : ڕێگایەكی سەرەكی دابەشكراوە بۆ چەندین لێن و ڕێڕەوكە جێگاكانی

چوونەناوەوە بۆ ڕێگاکە بە نیوەیی کۆنترۆڵ کراوەو ڕەنگە شوێنی یەکتربڕەکان لەسەر یەك ئاست یان چەند ئاستی بن.

٣- **ڕێگای خێرای ئاسایی** : ئەم جۆرە ڕێگایە ڕەنگە دابەشکراو بێت یان نا، هەروەها لە شوێنی یەکتربڕەکان شێوازی چەند ئاستی بەکاربهێنن و سەبارەت کۆنترۆڵ کردنی هاتنە ناوەوەکان تەنیا لەو جێگایانەدا ئەنجام دەدرێت کە پاکانەی گونجاوی هەیە.

٤- **ڕێگاوبانی ئاسایی** : لەم بەشانە پێك دێت :

أ- **شادەمارەکان (Arterial Highway)**: ئەو تۆڕە ڕێگایانە دەگرێتەوە کە بەردەوامن و سەرەکین و بەیەکەوە بەستراون و بە شادەماری ڕێگاکان دادەنرێن لە ڕووی گواستنەوەو بە یەکگەیاندنی ناوچەکان لە هەرێمێکی دیاریکراودا.

ب- **لابە لاکان** : تۆڕێکی شادەمار کە بە ناو شارەکاندا تێناپەڕن.

ت- **ڕێگای دابەشکراو** : ئەو تۆڕە ڕێگایانە دەگرێتەوە کە ناوەندیان (جزرة وسطية) هەیە دابەشکراوە بۆ ترافیك لە دوو ئاراستەی جیاوازدا.

پ- **ڕێگای سەرەکی** : ئەو جۆرە ڕێگایەیە کە لە یەکتربڕەکاندا (ڕێڕەوەکان لەیەك ئاستدان) و بە سیستەمی ترافیك لایت کۆنترۆڵ کراون و دەتوانرێت لە لاکانیەوە ئۆتۆمۆبێل و بەکارهێنەرانی ڕێگاکە بێتە ناویەوە.

ج- **ڕێگا تیشکیەکان** : ئەو جۆرە ڕێگایانەیە کە دەبەسترێتەوە بە تۆڕی ڕێگای ناوەندی شارەکانەوە.

ح- **شەقام و ڕێگا نەوەستاوەکان** : ئەو بە شانەی ڕێگا خێرا دەگرێتەوە کە ترافیك تیایاندا ناوەستێت وەك ڕۆیشتنی سایدی لای ڕاست ئەویش بۆ ئاسانکاری و ڕێکخستنی هاتووچۆ.

**وێنەی ژمارە -٤-**

**ڕێگاوبانی خێرا لە وڵاتە ئەوروپییەکان**




**وێنەی ژمارە -٥-**



٥- **ڕێگا پارکەکان** : ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە ڕێگای پارکەکان دەبەستێتەوە بە ڕێگای خێراوە.

٦- **ڕێگای دیمەنە جوانەکان** : ئەو بەشەی ڕێگای خێرا لە خۆدەگرێت کە بۆ ئوتۆمۆبێلە ئاساییەکانە بە شوێنانە دادەنرێت کە جێگای وەستان و تێڕوانینە بەسەر دیمەنە جوانەکاندا.

٧- **شەقامەکان** : دابەش دەبێت بەسەر ئەم بەشانەدا :

أ- شەقامی داخراو بە بوونی پێچکردنەوە: ئەو جۆرە شەقامەیە کە تەنیا یەك سەری کراوەتەوە و شوێنی تایبەتی بۆ سوڕاندنەوە لە کۆتاییەکەیدا دابین کراوە.

ب- شەقامی داخراو بێ بوونی پێچکردنەوە : ئەو جۆرە شەقامەیە کە تەنیا یەك سەری کراوەتەوە و شوێنی تایبەتی بۆ سوڕاندنەوە لە کۆتاییەکەیدا نییە.

ت- شەقامە ناوخۆییەکان : ئەو شەقام و ڕێگایانە دەگرێتەوە کە ڕێگاسەرەکی و شادەمارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٨- **تووڵ ڕێگا (Toll Road)** : ئەو بەشانەی ڕێگای خێرا دەگرێتەوە کە تێپەڕبوون پیایاندا کۆنترۆڵ کراوەو بێ پێدانی پارەیەکی دیاریکراو ناتوانرێت بڕوات وەك : پرد و تونێل و بەشێك لە ڕێگا.

## ٦,١- پۆلینکردنی کارگێڕی (وەزیفی) ڕێگاوبانەکان :

بنەمای دابەشکردن و پۆلینکردنی ڕێگاوبانەکان بریتییە لە پرۆسەی بە گروپکردنی ڕێگاو شەقامەکان بۆ پۆلین و سیستەم بەپێی کاراکتەرەکانی خزمەتکردن کە دەبێت بی بەخشن ، بەم پێیە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنرێت کە هیچ ڕێگایەك یان شەقامێك بەتەنیا ناتوانێت خزمەت بە بەکارهێنەرانی ڕێگا بکات بەڵکو ئەو ڕێگایە لە ناو پرۆسەیەکی گشتگیردایە ، واتە کاتێك ئۆتۆمۆبێلێك جوڵە دەکات ئەوا تۆڕێکی

ڕێگاوبان بەکاردەهێنێت نەك پارچەیەکی بەتەنیا بۆیە لەڕووی لۆژیکییەوە دەبێت تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە چەناڵ بکرێن و تاکو بە باشترین توانا تۆڕی ڕێگاوبانەکان خزمەت بە بەکارهێنەرانی بکەن.

بە بەرنامەڕێژکردنی ڕێگاوبانەکان لە وێنەی ڕوونکراوەی - ١ - دەبینرێت کە پرۆسیجەرێکە زۆریك لە وڵاتانی دنیا بە هۆیەوە ئیدارەی تۆڕی ڕێگاوبانەکانیان دەکەن.

**وێنەی ڕوونکراوەی - ١ -**



(A) Desire Lines of Travel




(B) Road Network provided

لەو وێنە ڕوونکردنەوانەی سەرەوەدا قەبارەی بازنەکان ئاماژە بە ئەو سەفەرە (Journey)دەکەن کە دروست دەبێت یان بە گرنگی شوێنەکان و لەبەر ئەوەی کارێکی لۆژیکی نییە هێڵ بۆ هەموو سەفەرەکان دیای بکرێت بۆیە پرۆسەی بە

کەناڵکردن ئەنجام دەدرێت بۆ تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە شێوازێکی گونجاو ، لە وێنەکەدا هێڵە ئەستورەکان ئاماژەن بۆ سەفەری قورس کەچی بۆ ئاسانەکان کراونەتە ڕێڕەوی ناراستەوخۆ.

**وێنەی ڕوونکراوەی- ب -**

**Schematic Illustration of a Functionally Classified Rural Highway Network**




لەوێنەی دووەمدا (وێنەی ڕوونکراوەی – ب –)کە لە سەرەوە دانراوە ڕوونکردنەوە دەربارەی کارگێڕی ڕێگاوبانە گوندیەکان دەدرێت . بەو پێیەی کە شارە گەورەکان هۆکاری دروستبوون و هەروەها وەرگرتنی سەفەرە قورس و گرانەکانن و پشکی گەورەی سەفەرە درێژەکان بەر ئەوان دەکەوێت ، ئەوا شادەمارە سەرەکیەکان بە پلەی یەکەم خزمەتی ئەو جۆرە سەفەرانە دەکەن لە کاتێکدا بۆ جۆرە

مامناوەندیەکان و ڕێگاوەرگرەکان (Collectors) خزمەت بە شارۆچکە بچوکەکان و گوندەکان دەکات و دەیانبەستنەوە بە ڕێگاشادەمارە سەرەکیەکان لەوێشەوە بە شەقامە ناوخۆییەکان . ئەم مۆدیلە لە کارکردن کە پێی دەگوترێت بە چەناڵکردنی سەفەری سەر ڕێگاوبانەکان شێوازێکە بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاکان لە زۆر وڵاتی دنیادا و بەهۆیەوە هەڵسەنگاندنیان دەبێت بۆ توانای ئەدائی تۆڕەکان.

## خاڵێکی زۆر گرنگ :

کۆمەڵگای گوندی لە هەرێمی کوردستاندا، بنەمایەکی مێژوویی قوڵ و درێژی هەیە و بە لایەنێکی بنەڕەتی و ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردی دادەنرێت، بە چەشنێك کە زۆرێك لە ئاماری دەزگاکانی حکومی و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش (NGO) ئەوەیان سەلماندووە کە ناوچەکە نزیکەی ٤٥٠٠ گوندی تێدابووە (واتە پێش ئەوەی لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا زۆربەی تەخت و وێران بکرێن لەسەر دەستی ڕژێمی ئەوسای بەعس) ، پاشانیش لە دوای ١٩٩٢ و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گوندەکان کە سیستەمی ئاوەدانکردنەوەی گوندو هاندانی خەڵك بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باو و باپیرانیان پەیڕەو کرد.

لە ڕاستیدا پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوند سەرەتاکەی بە ئەنجامدان و دروستکرنی تۆڕی ڕێگای گوندەکان دەسپێدەکات بە جۆرێك کە بێ ئەوە ئاستەمە پرۆژە ئاوەدانکارییەکانی تر بە جێبەجێکەیەندرێت وەك خانوو و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی چونکە پێویستیان بە گوێزانەوەی بڕێکی زۆر لە کەلوپەلی بیناسازی دەبێت.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ و پلانی حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە ساڵی ١٩٩٢ بەو ئاراستەیە دەستی پێکرد و پاشانیش لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە بڕیاری

٩٨٦ی UN پشکی گەورەی بودجەکەی بۆ دروستکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان تەرخان کرد، ئەمەش وایکرد تۆڕێکی فراوانی ڕێگای گوندەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە دیبکرێت هەر بۆ نموونە ٧٥٪ی کۆی ٥٦٩٩,٦٤٦ کم ڕێگاکانی پارێزگای هەولێر هی گوندەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە -٥- . لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بگوترێت ئەو تۆڕی ڕێگاوبانی گوندە لە بارودۆخێکی خراپدایە و نزیکەی نیوەی گوندەکان ڕێگای گونجاویان نیە و زۆربەیان تەنیا لە ئاستی چینی خۆڵ یان چینێکی سادە لە تێکەڵەیە کە لەوەرزی سەرما و زستاندا گونجاو نییەو کراوە نابێت و بە زەحمەت لە لایەن خەڵکی گوندەکانەوە هاتووچۆی لەسەر دەکرێت بە تایبەتیش لە کاتی باران بارینی زۆر و بەفربارینیدا لە بەشی باکوری پارێزگاکە ئەمانەش هەموو ئەوە دەگەیەنێت کە تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زۆر و گەشەپێکردن و فراوانکردن هەیە.

وێنەی ڕوونکراوەی -ب-ی پێشوو کە لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەکانی گوند دەدوێت بە چەشنێك کە هەمان بنەماش بۆ تۆڕەکانی دەرەوەی شارەکان بەکاردێت وە هەمان ڕێکخستنی زنجیرەیی زەمەنی هەیە، بەڵام بەهۆی چڕی بەکارهێنانی زەوی لە ناوچە گوندیەکان ، ئەوا سەفەر کردن بۆ ڕێگا سەرەکیەکان لە ناوچە گوندیەکانەوە دروستکەری سەفەری تایبەتی گەرەك دەبێت کە کارێکی زۆر ئاڵۆزە .

## ٧,١- سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستاندا :

لەبەر ئەوەی تەنیا هۆکاری گواستنەوەی زەمینی لە هەولێر و هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوا بۆ شیکارکردنی ئەو بوارە دەتوانین پشت بەو داتایانە ببەستین کە لە ڕێگاوبانەکانەوە دەستمان دەکەوێت، هەرچەندە بیرکردنەوە دەربارەی هۆکاری تری وەك شەمەندەفەرو میترۆو ئەوانی تر بەدەر نییە لە بیرکردنەوەو پلانی ئێمە و گومان لەوەشدا نییە کە ئەبێت ماستەرپلانی سێکتەری گواستنەوە ئەو دوو بوارەی

گواستنەوەی زەمینی لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی گەشەپێدانی تەواو بەرهەم بێت.

وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا بۆ شیكردنەوەی باری تۆڕی ڕێگاوبانەكان پێویستیمان بە داتای ڕێگاوبانەكان دەبێت. بەپێی ئەو ئامارەی دەستم كەوتووە لە پارێزگای هەولێردا ١٤٤٦.٩كم ڕێگای سەرەكی قیرتاوكراو هەیە و هەروەها ٤٠٣٦.٩٤٦كم لە ڕێگای لاوەكی و ڕێگای گوندەكان هەیە , زۆربەی ئەم ڕێگایانە پێویستی بە گەشەپێدان و نۆژەنكردنەوە هەیە ، لە راستیشدا ئەگەر بمانەوێت ڕێیەكی ڕاست بگرینە بەر دەبێت پلانێكی بەرفراوانمان هەبێت بۆ دروستكردنی ژمارەیەكی باش لە ڕێگاوبانی خێرای زۆر پێشكەوتوو ، هەر لەم بوارەشدا نابێت مەسەلەی دەستدرێژیكردنی نایاسایی لەسەر لاتەنیشتی ڕێگاكان و ناوچە قەدەغەكراوەكانی ڕێگا لەبیر بكەین (بڕوانە وێنەی ژمارە-٦- و -٧-) كە ئەو زیادە ڕۆییانەش وەكو دروستكردنی دوكان و بەنزینخانەو پەرژینی كارگەو كێڵگەكان لەسەر لا تەنیشی ڕێگاكان فاكتەرێكی لاوازكەرە بۆ وەزیفەو كاریگەری تۆڕی ڕێگاوبانەكان.

وێنەی ژمارە-٦-

زیادەڕۆیی لەسەر لاتەنیشتە قەدەغەکراوەکان ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستاندا




وێنەی ژمارە-٧-



# بەشی دووەم

لەم بەشەدا هەوڵ دەدین ئەو پێوەر و ئامێرو کەرەستانە بناسێنین و شیبکەینەوە کە بە هۆیانەوە ئاستی کارکردن و لێزانیبوون لە تۆڕی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە دیاری دەکەن، هەروەها ورد و درشتی پرۆسەی ئەو پرۆپۆزەڵەی پێشکەشی دەکەین وەك ڕێگاچارەیەك بۆ باشتر ئیدارەکردنی ڕێگاوبانەکان لە هەولێر و هەرێمی کوردستاندا دەخەینە بەرچاو. ئەو پرۆپۆزەڵەش هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئامانج و خواستەکان و شیکردنەوەی ژینگەیی تیادا نمایش دەکرێت.

ماوە بڵێم : زۆر گرنگ بوو هەموو بەشەکانی کێشەی گواستنەوەی زەمینی بخەمە ژێر باس و لێکۆڵینەوە وەك : مرۆڤ (شۆفێر و پیادە) ، ئۆتۆمۆبێل (قەمەرە، بارهەڵگر، پاس..هتد) هەروەها ڕێگا (ڕێگاوبانی خێرا، شەقامەکان ، جادەکان ، تێرمیناڵەکان).

## ١,٢-ئەگەرەکانی کارکرن لە پرۆپۆزەڵەکەدا :

### ١,١,٢- پەیامی پرۆژەکە:

ئامانجی ئەم پرۆژەیە یان ئەم پرۆپۆزەڵەی پێشکەشی دەکەین بریتییە لە تیشك خستنە سەر کێشە سەرەکیەکانی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا، هەروەها پێشکەشکردنی چەند پێشنیار و تێبینیەك و پۆرپۆزەڵێك بۆ چارەسەرکردنی کە دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمە کوردستانەوە جێبەجێبکرێت بۆ بەدیهێنانی تۆڕێکی ڕێگاوبانی (ڕێکوپێك ، سەلامەت ، کاریگەر و هاوڕێی ژینگە).

### ٢,١,٢- ئامانجەکان:

ا- جێبەجێکردنی ڕێگاوبانە خێرا سەرەکیەکان (Major Highway) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ لە نێوان هەولێر و شارەکانی تری کوردستان و سنوورەکان.

ب- نۆژەنکردنەوەو چاکسازی لەو (٥٧٠٠ کم) ڕێگایە هەبووەی پارێزگای هەولێردا بە گشتی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا.

پ- دامەزراندنی پلانێکی ستراتیژی ورد بۆداهاتوو بەمەبەستی گەشەپێدانی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

## ٢,٢-شیکردنەوەی ژینگەیی :

### ١,٢,٢-ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە (بە پێوەرێکی گەورە):

زۆر فاکتەر هەن کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ستاندەری جیهانی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێگاوبان و ئیدارەکردنی. لە پارێزگای هەولێردا فاکتەرە ژینگەییەکان دەکرێت بەم شێوەیە شیبکرێتەوە:

أ- **فاکتەری سیاسی** : زۆربەی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەنجامدراون ئەویش بە جۆرێك بوو کە خزمەتی مەرامە سەربازی و سیاسیەکانی ئەوی دەکرد هەر ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە زۆرێك لەو ڕێگایانەی ئەنجامدراون بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ خزمەتی پلانە سەربازیەکانی بووە وکاتی جەنگی لەگەڵ ئێراندا یان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شۆڕشەکانی کوردی پێبکات، پاشانیش کە ئەنفالی ئەنجامدا نزیکەی ٤٥٠٠ گوند شارۆچکەی وێران و خەڵکەکەی ڕاگوێز کرد بەوەش تەواوی ئەو ڕێگایانە فەرامۆش کران هەر بۆیەشە ئێستا ڕێگای گوندەکان لاوازترین جۆری ڕێگاکانن لە هەرێمی کوردستاندا.

**ب- ژینگەی ناوخۆیی** : لەبەر ئەوی هەرێمی کوردستان بە گشتی لە لایەن حکومەتی عێراقی ئەوساوە بۆ چەند دەیەیەك تووشی سیاسەتی فەرامۆشکردن ببوو، بۆیە زۆرێك لەو پڕۆژە ڕێگایانەی لە هەولێر و هەرێمی کوردستاندا جێبەجێکراون لەسالآنی پێش ١٩٩١ ڕێگای سادەو دوور لە ستاندەری جیهانی بووە (واتە: ڕێگایەکی خێرای پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستاندا نابینرێت کە حکومەتی ئەوسای عێراق دروستی کردبێت) ، بۆیە ڕێگاکان جۆری ٧م بەرین (دوو لێینی) کە بەهەر دووسایدا هاتووچۆی لەسەرە، هەرچی ڕێگای گوندەکانە ئەوا زۆر لاوازبوون لە ڕێگایەکی خۆڵی سادە تێنەدەپەڕین، کەچی ئەم ڕەوشە لەدوای ١٩٩٢ گۆڕاو بەتایبەتیش دوای ٢٠٠٣ سیستەمی پڕۆژەکان لەڕووی برو جۆرایەتیەوە گەشەی گەورەی بە خۆیەوە بینی.

**ت- فاکتەری ئابووری** : کەس ناتوانیت نکۆڵی لەو گەشەپێدانە بکات کە هەرێمی کوردستان لە دوای دامەزراندنی عێراقی نوێوە (٢٠٠٣ز) بە خۆیەوە بینیویەتی ، هەزاران پڕۆژەی کەرتی تایبەت و گشتی کەوتنە ژێر جێبەجێکردنەوە شارو شارۆچکەکان بەشێوازێکی چاوەڕوانەکراو فراوان و گەشەکردنیان بە خۆیانەوە بینیوە. کە بێگومان ئەم هەموو بنیادنانە بە مەواد و کەلوپەل دەکرێت ئەوەش مانای گواستنەوەی سەدان هەزار تەن لە باری جۆراو جۆر و قەبارەیەکی گەورەی هاتووچۆ ئەمانەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری گەورەیان لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەکان دەبێت، بێگومان بە شێوەیەکی نەرینی!

**پ- کەلتوری-کۆمەلآیەتی** : ئەم فاکتەرە لە زیادبوونی بێشوماری ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان لە شارەکان خۆی دەبینێتەوە کە کەلتوری خەڵك لە وڵاتی ئێمەدا حەز بە موڵکداری ئۆتۆمۆبێل دەکەن، ئەویش کاریگەری لەسەر

قەبارەی هاتووچۆ دەبێت، ئەوەش کاردەکاتە سەر نەخشەکێشانی جیۆمەتری ڕێگاوبانەکان ، هەروەها سێکتەری گواستنەوە لەدەست کەرتی تایبەت و هاووڵاتی ئاساییە ئەوانیش ئاشنا نین بە ستاندەردی جیهانی بۆ بار و گواستنەوە بۆیە بێ گوێدانە هیچ ڕەچاوکردنێك جۆرەها ئامێری بارهەڵگری (قەلاب)یان هێناوەتە بازارەکەوە کە زۆر بە خراپی بووە هۆی تێکدانی پێکهاتەی چینەکانی قیرتاو و تەشویهی زۆری ئەنجامدا.

**ج- سنووورداری ئابووری:** لە ۱۹۹۲ تاکو سەرەتای ۲۰۰۵یش باری ئابووری دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو بێگومان ئەم لاوازی و کزی بودجەیە کاریگەری بۆ سەر هەموو لایەنەکانی بەڕێوەبردن هەبوو بە چەشنێك زۆربەی وەزارەتەکان نەیاندەتوانی پرۆگرامەکانی خۆیان بە تەواوی جێبەجێبکەن لەم بوارەشدا سێکتەری ڕێگاوبانیش لە پێشەوەیان بوو، چونکە پرۆژەکانی ڕێگاوبان بودجەی گەورەی پێویستە.

### ۲,۲,۲- ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە (بە پێوەری ورد) :

ئەمیش پێکدێت لە هەریەك لە (ستڕەکچەر و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ، کەلتوور، سەرچاوەکان).

**أ- پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (Organizational Structure):** سەرپەرشتیکردن و ئیدارەکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان ئەرکی سەر شانی هەردوو وەزارەتی (*ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن* و *شارەوانی و گەشتوگوزارە*) کە یەکەمیان بۆ ڕێگا دەرەکیەکانی نێوان شارەکانەو دووەمیان بۆ شەقامە ناوخۆییەکانی شارو شارۆچکەکانە ، شایەنی باسە هەردوو ئۆرگان لەژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتدان .

**ب- کـەلتوری ڕێکخراوەیـی (Organizational Culture)** : کـەلتوری ڕێکخراوەیی لەو وەزارەتانـەی لەپێـشەوە باسمـان کـرد، مـاکی حکـومێتی و میریەتی پێوە دیارە و لـە ڕاستیشدا هیچ نوێکارییەکی ئەوتۆی پێـوە دیـار نییـە شایەنی باسکردن بێت.

**ت- سەرچـاوەکان (Resources)** : سەرچـاوەی سـەرەکی بـۆ دروسـتکرنی ڕێگاوبانەکان و چاککردنەوەیان لـە ئێستادا بودجـەی حکومـەتی هەرێمـە، هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوودا چەند سەرچاوەیەکی تریش هەبووە وەك UN و NGOو قەرزی بـانکی نێـو دەوڵـەتی بـەڵام ئەمانـە بەگـشتی نـەیانتوانیوە کاریگەریکی ئەوتۆیان بەسەر ڕەوشـی ڕێگاوبانەکانـەوە هـەبووبێت، ئـەوەش پێویستە بگوترێت کە تاکو ئێستا سەرچاوەکان هێنـدە نـەبوون وەزارەتـەکان ئامانجی خۆیانی پێ بپێکن.

## ٣,٢- شێوازە باوەکانی ڕێگا:

شێوازی ڕێگاکان دەبێت بە چەشنێك بێت سەلامەتی بـە بەکارهێنـەرانی ببەخـشێت و ئەرکـەکانی خـۆی بـە تـەواوەتی لـە رووی وەزیفیـەوە بەجێبگەیـەنێت ، هـەروەها هەماهەنگ بێت لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری وڵاتدا بەم پێیەش بـوونی پلانێکـی ورد و گونجـاو کـارگێڕیکردنێکی گونجـار زۆر بـە فراوانـی پێـشنیار دەکرێـت بـۆ تـۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێم ، بۆ ئەوەی شێوازی ڕێگا لە پارێزگـای هـەولێردا نیـشانبدەین، ئەوا بە ئامار و داتا و ئەنجامدانی ڕاپرسی هەوڵ دەدەین خوێندنەوەیەکی شرۆڤەکارانەی بۆ بکەین وەك ئەوەی لە خوارەوە دەبینرێت.

### ئاماری ڕێگاکان لە هەولێردا (Road Database) :

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا خاوەنی ئاماری زۆر ورد نییە، بەڵام توانرا بەشێك لە زانیاری پێویست دەربارەی ڕێگاکان و ژمارە پێکهاتەو بڕو قەبارەی هاتووچۆ لە ڕێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە دەست بکەوێت بە تایبەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ، ئامارەکان کە تەنیا گوزارشت لە پارێزگای هەولێر دەکات ئەمانەی لای خوارەوە دەگەیەنن:

١- ١٠٧,٩ کم لە ڕێگای دووساید هەیە خشتەی ژمارە- ٣-.

٢- ١٤٤٦,٩ کم لە ڕێگای یەك سایدی قیرتاو کراو هەیە خشتەی ژمارە-٥-ا.

٣- ٤٠٣٦,٩٤٦ کم لە ڕێگای لابەلا (ناسەرەکی) و ڕێگای گوند خشتەی ژمارە - ٥-ج .

٤- قەبارەو پێکهاتەی هاتووچۆ لە بەشێك لە ڕێگا سەرەکیەکانی پارێزگای هەولێر خشتەی ژمارە -٦ -.

٥- ٤٠٤٧٧٠ ئۆتۆمۆبێلی جۆراو جۆر خشتەی ژمارە -٧-.

### ٤,٢- ڕووپێوی پرسیارکردن و ڕاپرسی ( Questionnaire Survey ):

بەو پێیەی ڕووپێوکردنی ڕا وەرگرتن کە شێوازێکی بە سیستەم کردن و بابەتییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو (بۆ بابەتێکی دیاریکراو) ، ئەوا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕەوشی ڕێگاوبانەکانیش بە یەکێك لە ئامێرە گونجاوەکان هەژمار دەکرێت بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە ، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرتاسەری قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێردا (کە نزیکەی ٤٤ یەکەی کارگێڕی دەبن) ١١٧ چاوپێکەوتن ئەنجامدرا بە ڕەچاوکردنی پێوەری جۆراو جۆرو هەڵبژاردنی جۆرەها بەکارهێنەری ڕێگا وەك: (شۆفێر، سەفەرکەر ، پیاو و ئافرەت، تەمەنی جیاواز،

دانیشتووی کوێیە و ئاستی خوێندەواری چییە؟).

ئەنجامەکان روونکراونەتەوە لە خشتەی ژمارە-١١- (بڕوانە پاشکۆکان) و چارتی ژمارە-٣-کە لەکۆتایی ئەم بەشە نمایش کراوە (گوزارشت لە بەشە چارتەکانی -١- بۆ -٤- دەکات) (بۆ زنیاری زیاتر هەموو چارتەکان لە پاشکۆدا بە دیدەکرێن) ، بە دیدی ژمارەیی بەم چەشنەی لای خوارەوە پشاندەدرێن :

١- لەو چارتەی تایبەتە بە دیاریکردنی ئەنجامەکانی پرسیاری ئەوەی ئایا پلانی تۆڕی رێگاوبانەکان بە رێکوپێکی دانراون دەبینین ٥١٪ ی وەڵامەکان بە بەڵێ یەو ٤٩٪ بە نەخێر.

٢- لەو چارتەی تایبەتە بە دیاریکردنی ئەنجامەکانی پرسیاری ئەوی ئایا چاککردنەوەی رێگاکان بە باشی ئەنجامدەرێن ١٧٪ دەنگی داوە بە بەڵێ بۆ ئەوەی کە پرۆسەیەکی زۆر بەهێزە ، ١٩٪ بۆ بەهێز ، ٤١٪ بۆ باشە، ١٣٪ بۆ لاواز و ١٠٪ ش پێیان وایە پرۆسەکە زۆر لاوازە.

٣- لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ گواستنەوە لە هەولێرەوە بەرەو دەرەوەو بە پێچەوانەشەوە چۆنە ؟ ١٩٪ وتویانە زۆر بەهێزە ، ٢٦٪ بەهێز , ٣٥٪ باشە، ١١٪ لاواز و ٩٪ بۆ زۆر لاواز دەنگیان داوە.

٤- دەربارەی ئەوەی ڕای هاوولاتیان چییە لەسەر زۆری ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لە هەولێردا, ئاکامەکان بەم شێوەیە بوون ٧٧٪ پاڵپشتی ئەوەیان کردووە کە ژمارەکە یەکجار زۆرە , ٢١٪ پێیان باشبووە و ٢٪ ژمارەکەیان پێ زۆر نەبووە.

٥- لەو چارتەی تایبەتە بە دیاریکردنی وەڵامی هاووڵاتیان دەربارەی ئەوەی ئایا دروستکردنی تۆڕی رێگاوبانی نوێ و پێشکەوتوو هانی گەشەکردنی ئابووری و گەشتووگوزار دەدات؟ ئەنجامەکان بەم شێوەیەبوون : ٧٥٪ پشتگیری بیرۆکەکەی کردوە , ٢٠٪ لای ئاسایی بووە و ٥٪ دژی بووە.

٦- دەبارەی گرنگی بوونی هێماکانی هاتووچۆ بە گشتی و هێمای دیاریکردنی

خێرایی سەر ڕێگاکان بە تایبەتی ،کاردانەوە بەم چەشنە بووە ٧٩,٢٪ بە لایانەوە زۆر گرنگ بووە ، ٢٠٪ ئاسایی و ٠،٨٪ یش پێیان گرنگ نەبووە.

٧- لە وەڵامی پرسیار کردن ئایا دەستدرێژیکردنە سەر لاتەنیشتە قەدەغەکراوەکانی ڕێگاوبان (محرمات الطريق)و دامەزراندنی یەکەو دروستکراوەی جۆراو جۆر لەسەریان بە شێوازێکی نایاسایی دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە و ڕووداوەکانی هاتووچۆ : ٨٩,٥٪ بە بەڵێ و ١٠,٥٪ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

٨- سەبارەت پرسیاری ئەوی ئایا پێویستە سێکتەری گواستنەوە بەهێز و کاریگەر بکرێت لە پارێزگای هەولێردا وەڵامەکان بەم چەشنە بوون ٧٠٪ پشتگیری بیرۆکەکەیان کردووە و ٢٧٪ بە لایانەوە ئاسایی بووە و ٣٪ لەگەڵی نەبوون.


٩- لە ڕووپێوی پرسیارکردن لەبارەی ئەوی ئایا تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان پێویستیان بە گەشەکردن و گرنگی پێدان هەیە یان نا؟ ڕێژەی وەڵامەکان بەم چەشنە بوون ٩٣٪ لەگەڵی بوون و٧٪ دژی بوون.

١٠- بیرکردنەوەی هاوولاتیانی پارێزگای هەولێر سەبارەت ئەوەی ئاستی هاژووشتن و لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل تا چ ڕادەیەك سلامەتە؟ وەڵامەکان بەم چەشنە ئاماژەیان دا : ٢٪ بە زۆر سەلامەتیان دانا, ١٨٪ بە سەلامەت , ٤٩٪ ب ئاسایی , ٢٠٪ بە ترسناك و ١١٪ بە زۆر مەترسیدار.

## چارتی ژماره-٣-

## چەند خشتەیەك كە روونكردنەوە لەبارەی راپرسیەكە دەدات


### Question "١" chart





### Question "٢" Chart



## Questionu "٣" Chart




## Question "٤" Chart



## ٥,٢- شیکردنەوەی (SWAT) بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگاوبانی هەولێر:

### ١,٥,٢-خاڵە بەهێزەکان (Strengths):

- جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی تازەی ڕێگاوبان (کە هەندێکیان ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندان)بەپێی ستاندەردی بەرزی جیهانی.
- جەخت کردنی حکومەتی هەرێم لەسەر بەکارهێنانی بەرزترین ڕێنمایی و سیفەتە ئەندازەییەکان و باشترین جۆر و کوالێتی مەوادی بەکارهاتوولە بواری پرۆژەکانی ڕێگاوباندا.
- هەبوونی پسپۆریەکی باش لە کەوادری حکومی لە هەرێمی کوردستاندا.

### ٢,٥,٢-خاڵە لاوازەکان (Weaknesses):

لەگەڵ ئەو هەموو پشتیوانیەی حکومەتی هەرێم بۆ بواری ڕێگاوبان ئەنجامی دەدات، بەڵام هێشتا بڕێکی زۆر لە کەموکورتی بەدیدەکرێت لەوانەش:

- ئەم تۆڕی ڕێگاوبانەی کە هەیە ناتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەو قەبارەگەورەییەی هاتووچۆ کە هەیە لە پارێزگاکەدا بڕوانە چارتی ژمارە-٣- و (وەك لە چارتە بەیانیەکانی ژمارە-٣- و-٤- یدا ڕوونکراونەتەوە).
- چەندین بابەتی تەکنیکی ئەندازیاری هەن کە تاکوو ئێستاش کێشەیان لەسەرەوە بە تەواوەتی کۆنترۆڵ نەکراون وەك (قیری شل , کانگاکانی بەردی شکاو, نەبوونی نەخشەسازی گونجاو).
- ئەو تۆڕی ڕێگاوبانانەی کە لەسەردەمی حکومەتی پێشوودا دروستکراون بە تایبەتی ئەوانەی کاتی جەنگی عێرق- ئێران بە جۆرێك ئەنجامدراون کە خزمەتی ئامانجە سیاسی سەربازیەکانی ئەوسای ڕژێم بکەن نەك پلانی گەشەپێکردن و ئاوەدانی بۆ هەرێمەکە.

- سنوورداری بودجە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و چاککردنەوەی ڕێگاوبان.
- جێبەجێکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ئاستی پێویستدا نین بڕوانە چارتی ژمارە -٣-ی خشتەی ژمارە-١١- و -١٢- لە پاشکۆکاندا (کە بە وەڵامی پرسیاری هەڵسەنگاندنی تۆڕی ڕێگاکان ڕوونبووەتەوە).

## ٣,٥,٢-هەلەکان (Opportunities):

أ- پەرۆشیەکی زۆری حکومەتی هەرێم بۆ باشکردنی بارودۆخی ڕێگاکان.

ب- بوونی گەشەیەکی ئابووری گەورە لە ناوچەکەدا.

## ٤,٥,٢-مەترسیەکان (Threats) :

ا- بوونی کێشەی سیاسی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکەمەتی عێراقی فیدراڵ لە ناوەند.

ب- دواکەوتنی هەموار کردنی بودجەی ساڵانە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دواکەتنی ئەنجامدانی پرۆژەکانی ڕێگاوبان دەبێت.

ت- کەمی بودجەی تەرخانکراو بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکان و دروستکردنی ڕێگا نوێکان.

پ- هەبوونی کەموکورتی لە پلانی ڕێگاوبان و تەرخانکردنی بودجە بە زنجیرەی هەڵە بۆ پرۆژەکان.

لەم بەشەی دووەمدا، هەموو توانامان دەخەینە کار بۆ ناساندن و دیاریکردنی ئەو کێشانەی تۆڕی ڕێگاوبانەکان هەیەتی هەر وەك شیکردنەوەی SWAT مان ئەنجامدا بۆ سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێریش وەك

نمونەیەك وەرگیراوە ، هەروەك شیکردنەوەی ژینگەیی گەورەو بچوکمان(واتە بە هەردوو پێوەری گەورەو بچوك) ئەنجام داوە بۆ بارودۆخەکە . هەموو ئەو شیکردنەوانە ئەوە دەسەلمێنن کە سێکتەری گواستنەوە بە قەیرانێکی مەزندا تێدەپەرێت و چەندین کێشەی جۆراوجۆری هەیە کە پێویستە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە وردی لێی رامێنن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە کە بێگومان ئەوەش رۆڵی گەورەی دەبێت لە گەشەکردنی ئابووری ناوچەکە بە گشتی.

گرنگە ئەوەش بڵێین : دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکان چەندین سوودی بۆ کۆمەڵگا هەیە هەر لە گەشەی ئابوریەوە بیگرە تاکو بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا بە واتە لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری مەزنی لەسەر بەهێزکردنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی دەبێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەڵبژاردنی جۆری رێگا خێراکان بە ئاستی دیاریکرا و بە پێی توانا داراییەکان ئەو ئەرکە گەورەیەیە کە دەبێت حکومەت ئەنجامی بدات بۆ پێدانی جۆرە هاوسەنگیەك بۆ هەردوو لایەنەکە.

### ٥،٥،٢-چەند بابەتێکی ژینگەیی لە بەڕێوەبردنی تۆڕی رێگاوبانەکاندا :

ئەمڕۆ رێژەی دوانە ئوکسیدی کاربۆن لە هەوادا بۆتە سەرەکیترین کێشەی ژینگەیی لە سەرتاسەری دنیادا، هەر بۆیەشە بیرکردنەوەی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تۆڕی رێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستاندا بێ باسکردنی کێشەی ژینگەیی کارێکی بە کەموکورتی دەبێت. هەروەها جگە لە دووانە ئۆکسیدی کاربۆن کێشەی دوکەڵ و تەپوتۆز لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی رێگاوباندا و گۆڕینی سیمای سروشتی ناوچە شاخاویەکان لە کاتی دروستکردنی رێگای نوێدا دیارترین ئەو گرفتانەیە کە دەبێت لە پلان و بەڕێوەبردنی تۆڕی رێگاکانی هەرێمی کوردستان رەچاوبکرێت. رەنگە بەرچاوترین کێشەی ژینگەیی کە لەسەر ئاستی جیهانی پەیوەستە بە بواری رێگاوبان مەسەلەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن بێت، بۆیە دەبێت زۆر بە جدی پابەندێتی بە رێژە

ستاندەرەکانی جیهانی بۆ دوانە ئوکسیدی کاربۆن جیەجیکریت. پیوەری جیهانی بۆ سەرچاوەکانی $CO_2$ بە چەشنەی لای خوارەوەیە:

- سەفەرکردنی ئۆتۆمۆبێلەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە ٢٤٪ بڕی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنی بەرهەمهێنراو بەرجەستە دەکات.
- وزەی بەکارهێنراو بۆ پێداویستیەکانی بینا کە گەرمکردن و روناکردنەوە ٢٣٪ی بڕەکە هەژمار دەکات.
- وزەی بەکارهاتوو بۆ گواستنەوەی کالاّ و کەلوپەل ٥٣٪ .

بە واتا پشکی گەورەی بەرهەمهێنانی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن ٧٧٪ ی دەگەڕێتەوە بۆ ئۆتۆمۆبێلە جۆراو جۆرەکان و ئەویش بەشێوەیەکی ناراستەخۆ پەیوەندارە بە ڕێگاوبانەوە.

## مەبەست لە $CO_2$ چییە ؟و چۆن دەدۆززرێتەوە ؟ :

جۆزیف بلاك (Joseph Black)، کە فیزیاو کیمیا ناسێکی سکۆتلەندی بوو، بۆ یەکەم جار دوانە ئۆکسیدی کاربۆنی ناساند لە سالّی ١٨٧٠دا ، دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە پلەی گەرمای ژووردا (٢٠–٢٥) گازێکی بێڕەنگی نەسووتە لە رووی کیمیاییەوە پێکدێت لە ئەتۆمێك کاربۆن و دووانەیەکی ئۆکسجین ، گەرچی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن بە زۆری بە شێوەی گازی هەیە، بەلاّم بە دۆخی رەقیش بەرجەستە دەکرێت، ئەویش کاتێك پلەی گەرما لە ژێر ٧٨ پلەی سەدیەوە دەبێت هەروەها بە شلیش دەبینرێت کاتێك لەگەلّ ئاودا تێکەلّ بکرێت. خەسلّەتە فیزیاوی و کیمیاویەکانی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن لە خشتەی ژمارە– ١ – روونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە-١-**

**ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن**

| Property | Value |
|---|---|
| *Molecular weight* | ٤٤,٠١ |
| *Specific gravity* | ١,٥٣ at ٢١ °C |
| *Critical density* | ٤٦٨ kg/m٣ |
| *Concentration in air* | ٣٧٠,٣ * ١٠٧ ppm |
| *Stability* | High |
| *Liquid* | Pressure < ٤١٥,٨ kPa |
| *Solid* | Temperature < -٧٨ °C |
| *Henry constant for solubility* | ٢٩٨,١٥ mol/ kg * bar |
| *Water solubility* | ٠,٩ vol/vol at ٢٠ °C |

ئەوەی پێویستە باسی لێوە بکەین: پەیوەندی دووانە ئۆکسیدی کاربۆنە (کە بێگومان گازێکی زیانبەخشە بە ژینگەی ئەم هەسارەیەی لەسەری دەژین) بە ڕێگاوبانەکانەوە ئەوەیە کە دەبێت دەزگاکانی حکومەت لە چوارچێوەی بەرنامەی خۆیدا بۆ باشتر بەڕێوەبرنی ڕێگاوبانەکان دەبێت پلانی ئەوەی هەبێت ڕێژەی دووانە ئۆکسیدی لە ئاستێکدا بێت کە بگونجێت لەگەڵ ستاندەری جیهانی.

# بەشی سێیەم

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیاران بدەینەوە (لە ناو پێشبینیەکان) کە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا کردمان، ئەویش بە پشت بەستن بە شیکردنەوە ئاماری جۆراوجۆری هاتووچۆ و ڕێگاکان و چەندین چارەسەرو روونکاری پێشکەش بە دەزگاکانی حکومەت بکەین.

ئامانجی سەرەکیمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە لە ڕێگای بەڕێوەبردنی دروستی تۆڕی ڕێگاوبانەکانەوە تۆڕێك پێشکەش بکرێت تێری پێداویستیەکانی هاتووچۆ و سەلامەتی هاونیشتمانیان بێت.

## ١,٣- بەڕێوەبردن و چاکسازی لە ڕێگاکانی هەولێردا :

تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێر و هەرێمیش بە گشتی پێویستی بە چاوپیاخشاندنەوەی ئەندازیاری و تەکنیکی فراوان هەیە لەمبارەیەشەوە دانانی پلانێکی بەرفراوان بۆ چاکسازی و بوونی ماستەر پلانێکی ورد بۆ سێکتەری گواستنەوەی زەمینی پێویستیەکی لە دواخستن نەهاتووە ,ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی هەرسێ بواری (شەمەندەفەر, میترۆ و هێڵی ڕێگا خێراکانHighways) تیایدا هەولێری پایتەخت وەك سەنتەرێك بە گشت شارەسەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان و سنورەکانی عێراق و دراوسێکانیدا ببەسترێتەوە، بێگومان ئەنجامدانی ئەم پلانەش بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندا بەهێزترو سەرکەوتووتر دەبێت.

بەو پێیەی کە هەموو زانیاریە کێڵگەیی کۆکراوەکان و ئاکامی شیکردنەوەی داتاکان ئەوەمان پشان دەدەن کە ئەو برە تۆڕی ڕێگاوبانەی هەن لەسنووری

پارێزگاکەدا زۆر کەمە (بڕوانە خشتەی ژمارە-٢- ڕوونیدەکاتەوە کە تەنیا بڕی ١٠٧,٩کم ڕێگای خێرا هەیە) ، (بڕوانە وێنەی ژمارە -٨- و -٩- ڕیگاوبانی خێرا لە پارێزگای هەولێردا ڕووندەکاتەوە) کە لە نیوە زیاتری ئەم تۆڕی ڕێگاوبانانە لە ژێر ئاستی باشەوەن.

وێنەی ژمارە -٨-

ڕێگاوبانی خێرا لە هەولێردا نیشاندەدات



وێنەی ژمارە -٩-




## ٢,٣-شیکردنەوەی روو پێوی پرسیارکردن :

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە پرۆسەی رووپێوی پرسیارکردندا(ڕاپرسی) نموونەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون و بە شێوازی چاوپێکەوتنی راستەوخۆ ئەنجامدراون، بەڵام هەموو رووبەری جوگرافی پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە بە جۆرێك کە بتوانێت گوزارشت لە زۆربەی چین و توێژەکۆمەڵایەتیەکان بکات کە بەشێوەیەکی رۆژانەو بەردەوام تۆڕی رێگاکان بەکاردەهێنن. هەرچەندە پێویستە ئەوەش بڵێین: زۆرێك لەو خەڵکانەی دیاریشکراون و بیروڕایان وەرگیراوە ئەو کەسانەن کە لە دەرەوەی شارە گەورەکان دەژین و رەنگە لە ئاستێکی بەرزی خوێندەواریدا نەبن و شارەزاش نەبن لە شێوازی رێگاوبانی خێرای مۆدرێن و پێشکەوتوو کە ئیستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا هەیە وە ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر ئاکامی رووپێوەکە

هەیە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمانکرد ئاماری وەڵامەکان زۆر نزیکن لەو واقیعی حاڵەی کە لە هەرێمەکەی ئێمەدا هەیە، لە شیکردنەوەی رووپێوی پرسیارکردندا ئەم راستیانە بەرچاو دەکەون :

- نزیکەی نیوەیان پێیان وایە: پلانی رێگاوبانەکان بە باشی دانەنراون ئەمەش برێکی زۆرەو ئاماژە بەوە دەدات کە تۆری رێگاوبانەکان لە پلان دانانـدا پێویستی بەرێکخستنی زیاتر هەیە.
- بۆ بواری چاککردنەوەی رێگاوبان ٤١٪ دەنگیان داوە بۆ ئەوەی باشە بەڵام ٢٣٪ بۆ لاوازو زۆر لاوازدەنگیان داوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەدواداچوونی زیاترو گرنگی پێدانی زیاتر بە بواری صیانەکردن و چاککردنەوەی رێگاوبان پێویستە.
- لە بارەی لێکدانەوەی خەڵك بۆ ئاست دیاریکردنی سێکتەری گواستنەوەی گشتی لە پارێزگای هەولێردا ٥٥٪ (لە نیوە زیاتر) بە ئاسایی و نزم لە قەڵەمیان داوە ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم سێکتەرە پێویستی بە چاکسازی هەیە.
- سەبارەت بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمۆبێل لە سنوری پارێزگای هەولێردا ٧٧٪ بە بەڵی دەنگیان بۆ ئەم بارە داوەو کە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆڕی رێگاوبانەکان فشارێکی زۆریان لەسەرە کە توانای هەڵگرتنیان نییە.
- لە رووپێوەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدان کە دروستکردنی رێگای نوێ رۆڵی کاریگەری دەبێت لەگەشەکردنی ئابووری بە گشتی و بواری گەشتوگوزایش بە تایبەتی لە پاریزگای هەولێردا.
- گرنگی دانانی هێماکانی هاتووچۆ بۆ دیاریکردنی خێرایی ئۆتۆمۆبێل هاژوشتن پشتگیری تەواوکراوەو ٨٠٪ بە ئەرێنی دەنگیان پێداوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت گەشەپێکردنی رێگاوبانەکان کارێکی هەمەلایەنەی هەیە.
- بە هەمان ئاست بەشداربووانی رووپێوی پرسیارکردنەکە تەواو پشتگیری ئەو

بابەتەیان کردووە کە ئاماژە بەوە دەکات بوونی دەستدرێژکردن بۆ سەر لاتەنیشتی قەدەغەکراوی ڕێگاکان (محرمات الطريق) بە شێوەیەکی نایاسایی کێشەی زۆر بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگاکان دروست دەکەن و هۆکارێکن بۆ ڕووداوی هاتووچۆ.

- بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو خەڵکەی بەشداریان کردوە لە ڕووپێوەکەدا ئەو خەڵکانە بوون کە لە دەرەوەی شار دەژین پشتگیری تەواو بۆ گەشەپێدانی ڕێگای گوندەکان بە دی دەکرێت .
- سەبارەت ئەوەی سەفەرکردن لەسەر تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەولێر سەلامەتە یان نا تەنیا ٢٠٪ ی وەڵامدەرەوەکان بە سەلامەت و بەرەو سەرەوەیان داناوەو لە کاتێکدا پشکە گەورەکە بە گومانن و سەفەرکردن لەسەر ڕێگاسەرەکیەکان بە کارێکی ئەمین نازانن، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆڕی ڕێگاوبانەکان بە فراوانی پێویستی بە چاکسازی و گەشەپێکردن و بەڕێوەبردن هەیە.

ئەو ڕوونکارییەی سەرەوە ئەوە دەردەخات و دەیسەلمێنێت کە : ئەم تۆڕی ڕێگاوبانەی هەیە لە پارێزگای هەولێردا لەڕووی تێروانینی بەڕێوەبردن و ئەندازیاریەوە زۆر لەوە کەمترە کە توانای هەبێت ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمۆبێل (بە هەموو جۆرەکانیانەوە کە بڕەکەی ٤٠٤٧٧٣ ئۆتۆمۆبێلە، جگە لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی تەنیا بۆ ترانزێت دێنە سەر ڕێگاکان) کە لە پارێزگاکەدا هەیە هەڵبگرێت (بڕوانە خشتەی-٧- لە پاشکۆکان). هەروەها ئەم تۆڕە لاوازەو ناتوانێت پێداویستە سەردەمیەکانی ١,٤٢٥,٦٠٣ کەسی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بە جێبگەیەنێت (بڕوانە خشتەی ژمارە-٨- لە پاشکۆکان) لە هەمان کاتدا ئەم ڕێگایانە لەژێر فشارێکی گەورەی باری زیادەدایە (بڕوانە خشتەی ژمارە-٦- لە پاشکۆکان).

## خشتەی ژمارە -٢-

## بارودۆخی تۆڕی ڕێگاوبانە خێراکان((دوو ساید)) واتە Highway لە پارێزگای هەولێر

| ز | ناوی ڕێگا | پارێزگا | قەزا | درێژی (کم) | پانی قیر (م) | جۆر | پۆلین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر -پیرمام | هەولێر | دەشتی هەولێر | ٢٠ | ٩ | دوو ساید | بەرز |
| ٢ | هەولێر - پردێ | هەولێر | دەشتی هەولێر | ٣٢,٥ | ٧ | دوو ساید | بەرز |
| ٣ | هەولێر- خەبات | هەولێر | خەبات | ٢٢ | ٧ | دوو ساید | خراپ |
| ٤ | مەصیف-کۆڕێ | هەولێر | شەقلاوە | ١٥,٤ | ٧ | دوو ساید | بەرز |
| ٥ | هەولێر- گوێر | هەولێر | مەخمور | ٨ | ٧ | دوو ساید | مام ناوەند |
| کۆی ١٠٧,٩کم ڕێگای دووساید | | | | | | | |

لە کاتێکدا کۆی تۆڕی ڕێگاوبانە دەرەکیەکان (بە هەموو جۆرەکانیەوە قیری تێکەڵە و خۆڵ) لە پارێزگای هەولێردا تەنیا ٥٦٩٩,٦٤٦کم (بڕوانە خشتەی ژمارە-٥- ئاماری گشتی تۆڕی ڕێگاوبانەکان) کە لەسەر رووبەرێکە بە بڕی ٣١٠٠٠ کم٢ (کە بریتییە لە رووبەری پارێزگای هەولێر بە نزیکی). لە خوارەوە بڕوانە (چارتی ژمارە -٥-) پشانی دەدات کاتە گۆریەکانی ڕێگاوبان چەند لاوازە لەم پارێزگایەدا تیایدا دەردەکەوێت ٧٥٪ کۆی ڕێگاکان ڕێگای گوندین، لەکاتێکدا ئەگەر چاوێك بە بە تۆڕی ڕێگاوبانەکانی وڵاتانی دونیادا بخشێنین بە روونی هەست بەو جیاوازیە دەکەین بڕوانە خشتەی ژمارە-٣- کە گوزارشت لە گەورەترین و فراوانترین تۆڕەکانی جیهان دەکات، بە چەشنێك کە تەریب و هاوسەنگە بە پێشکەوتنی وڵاتەکەیان (بۆ وردەکاری زیاتر تەماشای خشتەی ژمارە-٩- ش بکە لە

پاشکۆکان) لە کاتێکدا ئێمە لە پارێزگای هەولێر تەنیا ١٠٧,٩کم (بڕوانە خشتەی -٢- لە سەرەوە) لە ڕێگاوبانی خێرامان هەیە کە ئەگەر بەراورد بکرێت ڕێژەکە زۆر بچوکە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا.


**خشتەی ژمارە-٣-**

**گەورەترین تۆڕی ڕێگاکان لە جیهاندا**

| وڵات | کۆی گشتی درێژی ڕێگا خێراکان بە (کم) | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن |
|---|---|---|
| وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا | ٦,٣٧٠,٠٣١ | ٣٠٤ |
| هندستان | ٣,٣١٩,٦٤٤ | ١١٤٨ |
| چین | ١,٤٠٠,٠٠٠ | ١٣٣٠ |

**چارتی ژمارە-٤-**

**ڕوونکردنەوە دەربارەی پۆلینکردنی باری ڕێگاوبانی خێرا لە پارێزگای هەولێردا دەبەخشێت**



### چارتی ژمارە-٥-
### کاتێگۆریەکانی دابەشبوونی شێوازی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێر




بەم چەشنە تـەواو بۆمـان روونبـوەوە کـە سـێکتەری گواسـتنەوە لـە هـەرێمی کوردستاندا پێویستی بـە چاکـسازی و فراوانکـردن و بەرنامـە بۆدارێـژی هەیـە بـەم چەشنەی لای خوارەوە:

١. تۆڕێکی سەرەکی بۆ هێڵی شەمەندەفەر دابمەزرێندرێت بە جۆرێك کە هاوکـاری تۆڕی ڕێگاوبانەکان بکات و ئەو قورسایی هاتووچۆیە کەمبکاتـەوە کـە بـەهۆی گواستنەوەی کەلوپەلـەوە (بە تایبەتی سووتەمەنی) دێتە سەر ڕێگاکان.
٢. ڕێگاوبـانی خێـرای سـەرەکی لـە هـەرێمی کوردسـتان جێبـەجێبکرێت کـە شارەسەرەکییەکان بەیەکەوە ببەسـتێتەوە و ئـەوانیش بـە سـنوورەکانی هـەرێمی کوردستانەوە.
٣. دامەزراندنی تۆڕی میترۆ لـە پاڵ تۆڕی ڕێگاوبانی فراوان لـەناو شارە گـەورەکان کە تەواوکەری تۆڕی ڕێگاوبانە سەرەکیەکانی دەرەوەی شارەکان بێت لـە نزیك شارەکان بە یەکتربڕی چەند ئاستی گەورەو پێشکەوتوو ببەسترێنەوە.

## ٣,٣-کاریگەری لەسەر گەشە پێکردنی ئابووری:

ڕاستیەکی باو هەیە دەڵێت (ڕێگا شارستانیەتە!) وە بوونی ڕێگاوبان هاوکاریکەری سەرەکیە بۆ گەشەپێکردنی ئابووری، چونکە بە سانایی هیچ پڕۆژەیەك ناتواندرێت جێبە جێبکرێت بێ بوونی ڕێگایەك بۆ گەیشتن پێی تاکو مەوادو کەلوپەلی پێویست بۆ ئەنجامدان و بوونیادنانی پێبگات، هەروەها ڕێگا دەبێتە هۆی بەیەکگەیشتن و بەیەکتربەستنەوەی وڵاتان و نەتەوەکانی دونیا و ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ بازرگانیکردن و بوژاندنەوەی ئابووری، نەخاسمە لە وڵاتێکی وەکو هەرێمی کوردستاندا کە ئێستا لەژێر گەشەکردندایە.

لە لایەکی ترەوە ڕێگاوبان کاریگەری لەسەر سێکتەرەکانی تر هەیە کە پەیوەندارە بە گەشەکردنی ئابووریەوە، وەکو سێکتەری گەشتوگوزار (کە بەڕای پسپۆڕان گەشتوگوزار بۆ هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەی ئابووری دادەنرێت بەهۆی سروشتی جوانی ناوچەکەو هەروەها بوونی شوێنەواری کۆن و مێژوویی لە ناویدا) هەر بۆیەشە تاکو تۆڕی ڕێگاوبانەکان باشتر و پێشکەوتوتربن هاندەرێکی سەرەکی دەبن بۆ گەشەپێکردنی سێکتەری گەشتوگوزار لە ناوچەکە چونکە بە بوونی ڕێگای باش گەشتیاران بە سەلامەتی و سانایی دەتوانن بگەنە ئەوشوێنەوار و جێگا گەشتوگوزاریانە کە لە هەرێمەکەدا هەن.

بەم پێیەش حکومەت پێویستە سەرمایەگوزاری لە بواری ڕێگاوباندا بکات کە ڕەنگە داهاتی ڕاستەوخۆی نەبێت، بەڵام کاریگەری بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە سەر بەرهەمهێنان و داهاتی گشتی دەبێت ئەوەش بە شێك دەبێت لە بازنەی ئابووری ناوچەکە بەپێی بنەماکانی زانستی ئابووری.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشداری کەرتی تایبەت لە سێکتەری گواستنەوەی زەمینی و بەتایبەتیش لە بواری دروستکردنی ڕێگاوباندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت هەروەك ئەو هەموو نموونانەی دەیانبینین لەسەرتاپای دونیادا کە چەندین ئۆتۆبان و

ڕێگاوبـانی خێـرا لــە وڵاتـانی ئـەوروپا دەبینرێـت بـەکارهێنانی بـە پـارە دەبێـت و سەرمایەگوزاریەکی سەرکەوتوە بۆ هەموو لایەکان چ حکومەت بێت یان هاووڵاتی یان سەرمایەگوزار (پردی محمد الفاتح لــە ئەسـتەمبولی تورکیـا نزیکترێـت نموونەیـە لــەو بوارەدا).

مـاوە بگوترێـت کـە بـوونی تـۆڕێکی ڕێگاوبـانی پێـشکەوتوو ( Highway &Freeway) شارەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکترەوە ببەسـتێت و ناوەندەکەشـیان هـەولێر بێـت و پاشـانیش ئـەو تـۆڕە بـە سـنوورەکانەوە ببەسـتێتەوە لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاستدا ئەلتەرناتیڤێکی زۆر گرنگ دروستدەکات کە وەك ترانزیتێك بەکاربهێنرێت بۆ گوێزانەوەی ئەو هەموو کاڵا و کەل وپەلەی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبی دەگوێزرێتەوە و بە پێچەوانەوەش، کـە دواجـار ئاکـامی پێـشکەوتنی ئـابوری گرنگی لێدەکەوێتەوە بۆ هەرێمەکەمان.

## ٤,٣- شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئابووری بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبان:

هەڵسەنگاندنی ئابووری پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و کاریگەریان لەسەر داهاتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەم پێوەرانە گوزارشتی لێدەکەین:

أ- کەمکردنەوەی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

ب-کەمکردنەوەی کات و تێچوی سەفەرکردن.

ت- بە شێوازێکی ناراستەوخۆ لە سووڕی داهات.

پ- گەشەکردنی شار و شارۆچکەکان.

ج- گەشەکردنی بازرگانی کردن.

ح- وەك ترانزێتێك بۆ گوێزانەوەی مرۆیی و کاڵاو کەلوپـەل کـە دواتـر دەبێتـە سەرچاوەی داهات بۆ هەرێمەکە.

## ٥,٣-ئەو ستراتیژیە تەکنیکیانەی دەبێت پەیڕەوبکرێن:

هەروەك بۆمان روون بوەوە تۆڕی ڕێگاوبانەکانمان لە ئاستێکی نزمدان و لاوازن پێویستیان بە بەڕێوەبردنێکی نوێ هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیەشە زۆر پێویستە پلانێکی ستراتیژی دابمەزرێنێت تیایدا ئەم پێوەرە تەکنیکیانەی لای خوارەوەی ڕەچاو بکرێن کە تایبەتن بە دروستکردنی ڕێگاوبانەکان بەپێی ئەم پرۆسەیەی لای خوارەوە:

أ- نەخشەکێشانی ڕێگاکان دەبێت بەپێی قەبارەوە قورسایی هاتووچۆ بێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بڕیاربدرێت ژمارەو جۆری چینەکانی تێکەڵەو بنەماو چینەکانی قیر (Sub base, Base & Asphalt layers) چەند بێت. بێئەوەی ئەوەمان لەبیربچێت کە دەبێت باشترین و بەرزترین کوالێتی مەوادو کەلوپەل بەکاربهێنرێت لە ئەنجامدانی بڕگەکاندا بە تایبەتیش مادەی قیر.

ب- بەرزکردنەوەی سیفەتە ئەندازیاری تەکنیکیەکانی چینەکانی ژێرەوەی ڕێگا هەروەك چینەکانی(Sub-grad, Sub-base, Base course) بە چەشنێك کە لە توانایدا هەبێت ئەو بارە زۆرە هەڵبگرێت کە دێتە سەر ڕێگاکان.

ت- بۆ دروستکردنی ڕێگای نوێ پێویستە بە پێی پۆلینی ڕێگاکان ئەنجام بدرێن (لەم رووەوە پێشنیاری پۆلین کردنی ڕێگاکان دەکەین کە هەرچی زووترە ئەنجام بدرێت و بە چەشنێك کە بزانرێت ئەگەر ڕێگای مەبەست بۆ گوندێکی بچوکە ئەوا پۆلینێك دەبێت و ئەگەر بۆ ڕێگایەکی سەرەکی بێت پۆلینێکی تری دەبێت) پۆلین کردنیش بەپێی : قەبارەی هاتووچۆ, جۆری هاتووچۆ, خێرایی نەخشە بۆ کێشراو, قوورسایی هاتووچۆ کە دێتە سەر ڕێگاکەی پێشبینی بۆکراو بەپێی ماستەرپلانی دیاریکراو بۆ ڕێگاوبانەکان دەبێت، کە ئەمە یارمەتیدەری سەرەکی دەبێت بۆ باش نەخشەکێشانی ڕێگاکانو سەرکەوتنی لەژیانی وەزیفی خۆیدا.

پ- پەرەپێدانی نەخشەکێشانی سیستەمی ئاوەڕۆی پێشبینی بۆکراو بۆ ڕێگاوبانە تازەکان تاکو بگونجێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە کەش وهەوای ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش گەشەپێکردنی پردو کونجە ئاوبەرەکان دەگرێتەوە.

ج- دامەزراندنی سیستەمی کوالێتی کۆنترۆل بۆ چاودێریکردن و پشکنین لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوباندا.

ح- لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کەشوهەوا لە ناوچەی هەرێمی کوردستان لە پلان و نەخشەکێشانی ڕێگاوباندا، بەوەی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان پلەی گەرمی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵدا هەیە.

خ- ڕاوێژکردن بە پسپۆری بیانی و کۆمپانیای گەورەی بیانی لە دانانی بەرنامەی کارو پلان بۆ گەشەپێدانی تۆڕی ڕێگاوبانەکان.

## ٦,٣- ئەو ئامارە کێڵگەییانەو پراکتیکییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتیان پێبەستراوە:

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە زۆربەی ئەو بیروڕاو سەرنج و پێشنیارانەی لەم کتێبە لێکۆڵینەوە ئامێزەدا دەبینرێت هەڵێنجراوی ئەو ئامارو ڕووپێوە کێڵگەییانەیە کە لە میانەی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەدا کراوە لە بارەی تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا وەك لە خوارەوەئاماژە بە پوختەکەی دەدەین (وردەکاری خشتەکان لە پاشکۆکاندا بە دیدەکرێت):

أ- بارودۆخی ئێستای تۆری ڕێگاوبانە خێراکان لە پارێزگای هەولێردا (خشتەی ژمارە-٤-).

ب- ئاماری گشتی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە و گوندەکان (ژمارەو درێژیەکان)، (خشتەی ژمارە-٥-) و وردەکاریەکانی لە خشتەکانی (ا - ب - ج)دا.

ت- باری زیادەی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان لە پارێزگای هەولێردا, (خشتەی ژمارە-٦-) و وردەکارییەکانی لە خشتەکانی تایبەت بە خۆیدا.

پ- ژماره و جۆری ئۆتۆمۆبێلەکان (ئاماری پارێزگای هەولێر)، (خشتەی ژمارە-٧-) .

ج- ئاماری دانیشتوانی پارێزگای هەولێر، (خشتەی ژمارە-٨-) .

ح- ئاماری پردەکانی پارێزگای هەولێر، (خشتەی ژمارە -١٠-).

## ٧,٣- پێشنیارەکان:

پاش نمایشکردنێکی قوڵ و وردی راستی و ئامارەکانی تایبەت بە تۆڕی رێگاوبانەکان لە پارێزگای هەولێردا , گەیشتینە ئەو راستییەی تۆڕی رێگاکان لەم پارێزگایەدا پێویستی بە پرۆپۆزەڵێکی ورد هەیە بۆ رێکخستنەوەو گەشەپێکردنی تۆڕەکان (کە بەشێکە لە سێکتەری گواستنەوەی زەمینی لە ناوچەکەدا). ئەو پرۆپۆزەڵەش باشترە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە و بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەت و دەستە جۆاوجۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند نمونەیەك لە خەڵکی ناوچەکان و رێکخراوە خۆبەخشە ناحکومیەکانیش کە لەو بوارەدا کاردەکەن ئەنجام بدرێت, بە گشتی لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- دانانی ماستەر پلانێکی فراوان بۆ گەشەپێکردنی سێکتەری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی کە لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیران و بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی و پلاندانان و زانکۆکانی کوردستان بە بەشدارپێکردنی پارێزگاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی و دەستە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا کە ئەمانە لە خۆ بگرێت:

ا- ماستەرپلانی رێگاوبانە خێراکان.

ب- ماستەرپلانی رێگاو شەقامە ناوخۆییەکان.

ت- ماستەرپلانی هێڵی شەمەندەفەر.

پ- ماستەرپلانی میترۆ.

ڕەنگە باشترین ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی دیاریمان کردن، بەستنی کۆنگرەیەکی بەرفراوان بێت بۆ گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی بابەتی سێکتەری گواستنەوەی زەمینی و گەشەپێکردنی تۆڕەکانی ڕێگاوبان و تیایدا سنوری کات و ئەرکی هەر لایەك دیاریبکرێت، بۆ هەموو وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان و هەر لایەش بەپێی پەیوەنداری خۆی.

٢- هێنانە کایەی دەستەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو لەبارەی تۆڕە هەبووەکانی ڕێگاوبان و لەسەر بنەمانی لێتوێژینەوەی دەوری مانگانەوە ساڵانە و بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا کە دواتر ئەو لێتوێژینەوانە و ئاکامەکانیان ببنە بنەمایەك بۆ فەرمانگەکانی ڕێگاوبان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپردانە.

٣- هەروەها دامەزراندنی تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێم وەك لە نەخشەی-٢- دا روونکراوەتەوە، ڕێگا چارەیەکی گرنگ و سەرەکی دەبێت.

٤- پەیرەوکردنی سیاسەتی پاراستنی ڕێگاوبانەکان کە ئەمانە لە خۆ بگرێت (چاککردنەوەی ڕێگاکان، باشترین کەرەستە و کەلوپەل بۆ دروستکردنی ڕێگاکان بەکاربهێنرێت، جێبەجێکردنی تەواوی یاسای (بارو قەپانەکان بۆ ئۆتۆمۆبێلە بارهەڵگرەکان).

٥- ڕووبەڕووکردنەوەی کاری صیانەکردن و چاککردنەوە بۆ کەرتی تایبەت، بەڵام لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەڵێندەرایەتی گونجاوو ڕێکخراودا.

٦- ڕێخۆشکردن و دەرگا واڵاکردن لەبەردەم سەرمایەدار و وەبەرهێن، بۆ بەشداریکردنیان لە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی ڕێگاوبانی خێرا (بۆ نموونە ڕێگای سەرەکی نێوان هەولێر و شارو سنورەکانی هەرێمی کوردستان).

٧- بەکارهێنانی پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا بۆ کۆنترۆڵ کردن و چاودێریکردنی ڕێگاکان وەك (سیستەمی چاودێریکردنی ڕێگا بە هۆی کامێراو سەتەلایتەوە).

٨- چاوپیاخشاندنەوە بە یاسای عێراقی بۆ ڕێگاوبان و هەموارکردنی بە جۆرێك کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمدا بگونجێت.

٩- تەواو گرنگی دان بە پەیڕەوکردنی یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی تەنیشت ڕێگاکان (کە دووری یاسایی دیاریکردووە بە ٣٠م بۆ ڕێگا لاوەکیەکان و گوندەکان و ١٠٠م بۆ ڕێگا سەرەکیەکان) کە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر سەلامەتی تۆری ڕێگاوبانەکان بە چەشنێك کە بەکارهێنەرانی ڕێگا بە ئەمینی سەفەرەکانیان بکەن.

١٠- سوود وەرگرتن لە PMS (Pavement Management System) وەك ڕێگایەکی مۆدرێن و تازە و تەکنەلۆژیایەکی تێر و تەسەل ,کە ڕەنگە یەکێك لە باشترین ڕێگاکان بێت، دەزگاکانی حکومەت کە لە بواری ڕێگاوباندا کاردەکەن بەهۆیەوە بتوانن بە باشترین شێواز سەرپەرشتی تۆڕی ڕێگاوبانەکان بکەن.

١١- دوماهیش جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کە هاوڕێی ژینگە بن، بە جۆرێك کە گونجاوبێت لەگەڵ ستاندەردی جیهانی بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان لە تێکچوون و پیسبوون.

## ٨,٣- پوختەی لێکدانەوەکان:

ئەڵێن : ڕێگایەکی هەزار میلی بە هەنگاوێك دەستپێدەکات ، دەستەبەرکردنی گەشەپێکردنێکی فراوان لە ناوچەکەدا نە محاڵەو نە خەون بەلام پێویستی بە ڕێکخستن و ئامادەباشی گونجاو هەیە ئەویش بە دامەزراندنی ماستەر پلانێکی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان کە بتوانێت تەواوی ئامانج و ئاواتەکان بپێکێت و بهێنێتە دی ، لایەنێکی گرنگ لەو هاوکێشەیەی سەرەوە تۆڕی ڕێگاوبانەکانە کە بێگومان گەشەپێدانی سێکتەری گواستنەوە بەگشتی و گواستنەوەی زەمینی بە تایبەتی ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە گەشەپێکردنی سەرجەم سێکتەرەکانی تر چونکە وەك دەروازەیەك وایە بۆ هەموو پڕۆژەئاوەدانکارییەکانی تر.

هەروەك پێشوتریش لێی دواین کە تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان (کۆنن ، کەمن ، جۆر و ئاستیان نزمە و بەشی ئەو هەموو ئۆتۆمۆبێل و

بارهەڵگرانە ناکەن کە دێنە سەریان و ....هتد) و ڕەنگە بەڵگەیەکی تریش کە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە بێت ئامارەکانە کە پشانیداوە زۆربەی ڕێگاکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەو فراوان کردن و دامەزراندنی ڕێڕەوی نوێ و دووساید هەیە کە بەڕوونی دەیسەلمێنن کە بارو قورسایی و قەبارەی هاتووچۆ زۆر لەوە زیاترە کە دەتوانێت هەڵیبگرێت و تەحەمولی بکات بە گشتیش دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕی بکەینەوە :

ا- تەنیا ١٠٧,٩کم ڕێگای دووساید هەیە کە ٧٥٪ لەژێر بارێکی بێشوماردایە و لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان.

ب- کۆی گشتی ڕێگاکان لە پارێزگای هەولێردا (٥٦٩٩,٦٤٦)کم کە پشکی گەورەی جۆری خۆڵی و تێکەڵەیە (واتە ئاستی زۆر نزمە) بۆ دانیشتوانی پارێزگایەك ژمارەیان دەگاتە١,٤٢٥,٦٠٣ و خاوەنی ٤٠٤٧٧٣ ئامێر و ئۆتۆمۆبێلی جۆراوجۆرە بە ڕاستی بارودۆخێکی یەکجار سەخت و ئاستەمە دەکرێت وەك قەیرانێك لێی بڕوانین.

ج- (٥٦٩٩,٦٤٦)کم کۆی درێژی تۆڕی ڕێگاوبانەکانەو لەمەش تەنیا (١٠٧,٩کم)ی دەچێتە ژێر پۆلینی ڕێگای خێراوە بۆ ناوچەیەك (پارێزگای هەولێر) کە رووبەرەکەی (٣١٠٠٠ کم٢)یە ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە و دەیسەلمێنێت کە تۆڕی ڕێگاکان نەشیاون و تێری داخوازی داواکاری سەردەمیانەی سێکتەری گواستنەوەی زەمینی لە پارێزگاکەدا هەرگیز ناکات.

لە لایەکی تریشەوە ئاکامی ڕووپێوەکان ئەوەیان نیشان دا کە : نزیکەی نیوەی دەنگدەران پێیان وابوو پلانی گشتی ڕێگاوبانەکان بە گونجاوی دانەنراون ، ئاستی سێکتەری گواستنەوەیان بە ئاسایی و بەرەو نزم لە قەڵەمدا هەروەها زۆرینەش لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان بە شێوەیەکی نا ئاسایی زۆرن، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە دەنگەدەران لەگەڵ ئەو بیرەدان کە ئەنجامدانی پرۆژەی دروستکردنی

ڕێگای نوێ برە بە بواری گەشتیاریدەدات بە تایبەتی و ئابووری بە گشتی لە پارێزگای هەولێردا ، هەروەها زۆربەی ئەوانەی بەشداریان لەو ئامارە دا کردبوو، بوونی هێماکانی هاتووچۆ و دیاریکەری خێرایی لەسەر ڕێگاکان بە گرنگ و پێویست دەزانن و دامەزراوەی نایاسایی لە ناو ناوچە قەدەغەکراوەکانی ڕێگاوبان بە سەرچاوەی کێشە بۆ بەکاهێنەرانی ڕێگاکان دەزانن.

هەر لە ئامارەکەدا هاتووە کە سێکتەری گواستنەوە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە ، زۆربەشیان پاڵپشتی گەشەپێدانی ڕێگای گوندەکان بوون، ماوە بگوترێت کە تەنیا ٢٠٪ ی دەنگدەران سەفەر لە هەولێرەوە و بۆی بە ئەمین و سەلامەت ئەزانن لە کاتێکدا پشکی گەورەیان بە گومان و ترسەوە دەڕوانە پرۆسەکە.

دوای ئەو هەموو ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەو ئامارە جۆراوجۆرانەی لەبەردەستماندایە بە پوختەکراوی ڕایدەگەیەنین کە تۆڕی ڕێگاوبانەکان لە هەولێردا (کە نموونەیەکە لە هەموو هەرێمی کوردستان و هاوشێوەیی و لێکچوونی تەواوی لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێم هەیە) پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی سیستەماتیکی هەیە کە بەم خاڵانەی خوارەوە گوزارشتی لێدەکەین :


١. دامەزراندنی ماستەر پلانێکی ورد و درشت بۆ تۆڕی ڕێگاوبانە دەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ١٥ ساڵی داهاتوو و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دەزگا حکومی و ڕێکخراوە پەیوەندرەکان بێت.
٢. جێبەجێکردنی ڕێگاوبانی خێرا (Highway)ی نێوان هەولێرو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و سنوورەکان و بەشەکانی تری عێراق.
٣. بەهێزکردنی سیستەمی گواستنەوە لە هەرێمدا ئەویش بە فراوانکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان (دروستکردنی ڕێگاوبانی نوێ و چاککردنی باری هەبووەکان) ، هەروەها دامەزراندنی تۆڕی شەمەندەفەر تەریب بە هێڵی ڕێگاکان یەکێکە لەو کارانەی حکومەتی هەرێم دەبێت زۆر بە گرنگی لێی بڕوانێت.

٤. لــه هــەموو قۆناغــە کانی جێبــەجێکردنی پرۆژە کــانی ڕێگاوبانــدا (پلانــدانان ، نەخشە کێشان و پاشان جێبەجێکردندا) هــەموو ســتاندەری جیهــانی کــە ژینگــە پارێزی لەبەرچاو دە گرێت دەستەبەربکرێت.

ئــــەم نەخـــــشەیەی خـــــوارەوە تـــــۆڕی پێـــــشنیارکراوی ڕێگاوبـــــانی خێـــــرا (هێڵەسەرەکیەکان)ی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە کە هەموو بەشــەکانی هــەرێم بەیەکترو ئەوانیش بە وڵاتانی دراوسێوە دەبەســتێتەوە و ئــەم پێــشنیارەش بــە چەشــنێك کراوە کە پێکهاتەی دیمۆگرافی و تۆبۆگرافی و لایــەنی کاریگــەری ئــابووری لەســەر ناوچەکان ڕەچاو کراوە.

**نەخشەی ژمارە-٢-**

**ڕێگاوبانی خێرای پێشنیارکراو لە هەرێمی کوردستان**



# سەرچاوەکان

## کتێبەکان:


- Standard Handbook For Civil Engineers, FREDERICK S.MERRITT, M.KENT LOFTIN, JONATHAN T.RICHETTS, Publisher; Nopordazon/ Fourth edition Mc Grow-Hill
- Highway Engineering by; S.C.Rangwala / Fourth Edition/ CHAROTAR PUBLISHING HOUSE.
- Water supply and sewerage / fifth edition/ E.D.Steel, formerly University of Texas, Terence J.Mc Ghee Tulane University,Printed and Bound in Singapore by Fang& Sons Printers Pte.Ltd
- Highway Planning, Design and Construction Practice ٢٠٠٥ by P.E, Highway and Airport Engineering Seung-OKRyu.
- Specification of roads and bridges; issued by general association of roads and bridges belonged to ministry of roads and bridges /Iraqi government ١٩٨٣ and its amends on ١٩٩٩.
- Road and Traffic Manual; issued by general association of roads and bridges belonged to ministry of roads and bridges /Iraqi government ١٩٨٣.
- Strategic Management and Business Policy, Thomas L. Wheelen and J. David Hunger/ eleventh edition, Pearson Prentice Hall.
- PRINCIPLES OF MANAGEMENT By K. Anbuvelan, University of scince press,firs edition; ٢٠٠٧ Reprint; ٢٠٠٨.


## سەرچاوە سایتەکان:


http://www.imgs.ie/index/road_network_management
http://www.scotland.gov.uk/
http://www.publicserviceevents.co.uk/
http://www.scotland.gov.uk/Publications/٢٠٠٣/٠٤/١٧٠٥٦/٢١٦٢٣
http://www.etcproceedings.org/
http://www.kyogle.nsw.gov.au/

http://www.devex.com/
http://pid.adb.org/
http://www.mapsofworld.com/world-top-ten/longest-road-network.html
http://en.wikipedia.org/wiki/Interstate_Highway_System
http://www.lenntech.com/carbon-dioxide.htm#ixzz٠UkPOIAOE
http://www.epa.gov/oms
http://www.fhwa.dot.gov/planning/
http://www.hawlergov.org

## سەرچاوە فەرمیەکان:

١- ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کردستان.
٢- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن / حکومەتی هەرێم.
٣- وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار / حکومەتی هەرێم.
٤- وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.
٥- پارێزگای هەولێر.
٦- بەڕێوەبەرایەتی کەلوپەلی خۆراکی هەولێر.
٧- یاسای ڕێگاوبانی عێراقی بۆ تەنیشتە قەدەغەکراوەکانی ڕێگاوبان لە ساڵی ١٩٨٦ و تەعدیلاتی لە ١٩٨٨.
٨- یاسای گشتی عێراقی بۆ ڕێگاوبان و پرد ژمارە-٣٥- لە ساڵی ٢٠٠٢.

# پاشکۆکان

**خشتەی ژمارە-٤-**

**بارودۆخی ڕێگاوبانە خێرا هەبووەکانی پارێزگای هەولێر**

| ز | ناوی ڕێگا | قەزا | درێژی بە (کم) | پانی (م) | جۆری ڕێگا | پۆلینی ڕێگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر – پیرمام | دەشتی هەولێر | ٢٠ | ٩ | جووت ساید | بەرز |
| ٢ | هەولێر – پردێ | دەشتی هەولێر | ٣٢,٥ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی |
| ٣ | هەولێر – خەبات | خەبات | ٢٢ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی |
| ٤ | هەولێر – بەحرکە | ناوەندی هەولێر | ١٠ | ٧ | جووت ساید | بەرز |
| ٥ | مصیف – کۆڕێ – شەقڵاوە | شەقڵاوە | ١٥,٤ | ٧ | جووت ساید | بەرز |
| ٦ | هەولێر – گوێر | مەخمور | ٨ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی |
| **کۆی گشتی ڕێگای خێرا (Highway)** | | | **١٠٧,٩کم** | | | |

**خشتەی ژمارە-٥-**

## ئاماری گشتی ڕێگاوبانەکان (سەرەکی و لاوەکی و گوندەکان) لە پارێزگای هەولێردا

| ز | جۆری ڕێگا | درێژی بە (کم) |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگای سەرەکی دوو ساید(قیرتاوکراو) | ٢١٥,٨ |
| ٢ | ڕێگای سەرەکی یەك ساید(قیرتاوکراو) | ١٤٤٦,٩ |
| ٣ | ڕێگای لاوەکی و ڕێگای گوندەکان | ٤٠٣٦,٩٤٦ |
| | **کۆی گشتی** | **٥٦٩٩,٦٤٦** |

**خشتەی ژمارە-٥- ١**

## ڕێگای دووسایدی قیرتاوکراو لە هەولێردا

| ناوی ڕێگا | پارێزگا | قەزا | ناحیە | درێژی (کم) | پانی (م) | جۆری ڕێگا | پۆلینی ڕێگا | باری ڕێگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر - پیرمام | هەولێر | دەشتی هەولێر | بەحرکە | ٢٠ | ٩ | جووت ساید | بەرز | قیرتاو |
| هەولێر - پردێ | هەولێر | دەشتی هەولێر | قوشتەپە | ٣٢,٥ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| هەولێر - خەبات | هەولێر | خەبات | | ٢٢ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| هەولێر - بەحرکە | هەولێر | ناوەندی هەولێر | بەحرکە | ١٠ | ٧ | جووت ساید | بەرز | قیرتاو |
| مصیف - کوزێ - شەقلاوە | هەولێر | شەقلاوە | سەلاحەدین | ١٥,٤ | ٧ | جووت ساید | بەرز | قیرتاو |
| هەولێر - گوێر | هەولێر | مەخمور | گوێر | ٨ | ٧ | جووت ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| **کۆی گشتی درێژی ڕێگای جووت سایدی قیرتاو ١٠٧,٩ * ٢ = ٢١٥,٨ کم** | | | | | | | | |

## خشتەی ژمارە–٥–ب

## ڕێگای قیرتاوکراوی یەك ساید لە هەولێردا

| ز | ناوی ڕێگا | پارێزگا | قەزا | ناحیە | درێژی (کم) | پانی (م) | جۆری ڕێگا | پۆلێنی ڕێگا | باری ڕێگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مورتکە – قوچە بلباس – قوریتان | هەولێر | دەشتی هەولێر | قوشتەپە | ٨,٩ | ٦,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٢ | دووکەڵە – قوشاغلو – قوشتەپە | هەولێر | دەشتی هەولێر | قوشتەپە | ٢٠ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣ | کانی بزرە – پردێ | هەولێر | دەشتی هەولێر | قوشتەپە | ٣١ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٤ | مورتکە – بێستانە | هەولێر | دەشتی هەولێر | قوشتەپە | ١٥ | ٦ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٥ | دارەتوو – بنەسڵاوە – کەسنەزان | هەولێر | دەشتی هەولێر | کەسنەزان | ١٠,٦ | ٦,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٦ | ئیفراز – عنکاوە | هەولێر | خەبات | بەحرکە | ١٩,٥ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٧ | خەبات – صفەیە | هەولێر | خەبات | خەبات | ١١,٥ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٨ | جەژنیکان – زرارەتی | هەولێر | خەبات | دارەشەکران | ٣٨,٦ | ٦ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٩ | بەستۆرە – ڕشوان – خاڵوان – سێ ڕێیانی خاڵوان | هەولێر | خەبات | دارەشەکران | ٣٢ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٠ | جەژنیکان – دارەشەکران | هەولێر | خەبات | دارەشەکران | ٤,٨ | ٦ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١١ | بەحرکە – بەرانەتی | هەولێر | خەبات | دارەشەکران | ٣٨ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٢ | سێ ڕێیانی خاڵوان – کەور گۆسك – ڕێگای خەبات | هەولێر | خەبات | کەورگۆسك | ٢٣,٥ | ٧ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ١٣ | عنکاوە – کەرك – پیرزین | هەولێر | دەشتی هەولێر | بەحرکە | ٩,٨ | ٦,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٤ | پیرداود – عەوینە – سێ ڕێیانی دەلوگول | هەولێر | ناوەندی هەولێر | شەمامك | ٤١ | ٦,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٥ | هەولێر – مەخمور | هەولێر | ناوەندی هەولێر | شەمامك | ٥١ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |

| ز | ناوی ڕێگا | پارێزگا | قەزا | ناحیە | درێژی (کم) | پانی (م) | جۆری ڕێگا | پۆلێنی ڕێگا | باری ڕێگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | ڕێگای ترانزیتی کانی قرژاڵە - ڕێگای مەخمور | هەولێر | ناوەندی هەولێر | شەمامك | ٢٢ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٧ | سێ ڕێیانی - باسرمە - سێ ڕێیانی سپیلك | هەولێر | شەقلاوە | باسرمە | ٢٤ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ١٨ | خەلیفان - بالیسان - توتمێ | هەولێر | شەقلاوە | بالیسان | ٣٤ | ٧ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ١٩ | حوجران - دەربەند | هەولێر | شەقلاوە | سەلاحەدین | ١٨ | ٦ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ٢٠ | بەربیان - زیارەتی كۆزێ - كۆزێ | هەولێر | شەقلاوە | سەلاحەدین | ٢٦ | ٦ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ٢١ | باسكە - كاریتە - تاڵەجار - قەندیل | هەولێر | شەقلاوە | هەریر | ٢٥ | ٧ | یەك ساید | بەرز | قیرتاو |
| ٢٢ | شەقلاوە - سێ ڕێیانی هەریر - هەریر | هەولێر | شەقلاوە | هەریر | ٢١ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٢٣ | شێخ مەموونديان - زینەتیر - بالیسان | هەولێر | شەقلاوە | هەریر | ١٥ | ٧ | یەك ساید | بەرز | قیرتاو |
| ٢٤ | هەریر - سێ ڕێیانی سپیلك - سپیلك | هەولێر | شەقلاوە | هەریر | ١٣,٥ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٢٥ | سپیلك - فلون - قەندیل | هەولێر | شەقلاوە | هەریر | ١٣,٥ | ٧ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ٢٦ | هیران - فریز | هەولێر | شەقلاوە | هیران | ٣١ | ٧ | یەك ساید | بەرز | قیرتاو |
| ٢٧ | سۆران - كاولۆكان - ڕەواندوز | هەولێر | سۆران | ڕەواندوز | ٢,٨ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٢٨ | شاوراوە - دیلیزیان | هەولێر | سۆران | دیانا | ٦,٤ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٢٩ | سپیلك - خەلان | هەولێر | سۆران | خەلیفان | ١٤,٥ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٠ | خەلیفان - سرێشمە - خەلان | هەولێر | سۆران | خەلیفان | ١٣,٧ | ٦ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ٣١ | سپیلك - خەلیفان - زارگەلی | هەولێر | سۆران | خەلیفان | ٢١ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٢ | كەژەك - مجێسەر | هەولێر | سۆران | سیدەکان | ١٢,٥ | ٧,٥ | یەك ساید | نزم | قیرتاو |
| ٣٣ | سۆران - سیدەکان | هەولێر | سۆران | سیدەکان | ٣٥ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |

| ز | ناوی ڕێگا | پارێزگا | قەزا | ناحیە | درێژی (کم) | پانی (م) | جۆری ڕێگا | پۆلینی ڕێگا | باری ڕێگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | سوران – چۆمان (هاملتون) | هەولێر | سۆران | گەلالە | ٤١ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٥ | ڕەواندوز – گەروانی خواروو – گەروانی سەروو | هەولێر | ڕەواندوز | ڕەواندوز | ١٣ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٦ | ڕەواندوز – بێخاڵ – سێ ڕێیانی گەلی عەلی بەگ | هەولێر | ڕەواندوز | ڕەواندوز | ١١ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٧ | کاولۆکان – جوندیان | هەولێر | ڕەواندوز | ڕەواندوز | ٤ | ٧,٤ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٨ | حافیز – خانەقا | هەولێر | ڕەواندوز | وەرتێ | ١١,٥ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٣٩ | ڕێگای خانەقا– وەرتێ | هەولێر | ڕەواندوز | وەرتێ | ٣ | ٧,٥ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
| ٤٠ | کۆیە – کلکە سماق | هەولێر | کۆیە | ئاشتی | ٣٦ | ٧ | یەك ساید | مام ناوەندی | قیرتاو |
